DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.358

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# بنەما مۆدولارەکان لە تیۆری دەنگسازیی فەرهەنگیی و دوافەرهەنگیی لە زمانی کوردیی دا

**م. لیمۆ محمود تۆفیق**

وەزارەتی پەروەردە، (کۆمەڵگەی پەروەردەیی کوردستان)

Faraydun.qadir@univsul.edu.iq

**پ فەرەیدوون عەبدول محمد**

بەشی کوردی،کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی

Limo.mahmood@univsul.edu.iq

## پوختە:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە (بنەما مۆدولارەکان لە تیۆری دەنگسازیی فەرهەنگیی و دوافەرهەنگیی لە زمانی کوردیی دا، لێکۆڵینەوەکە چۆنییەتی جێبەجێکردنی تێڕوانینی مۆفۆفۆنۆلۆجییانە لە (تیۆریی دەنگسازیی فەرهەنگیی و دوافەرهەنگیی لە زمانی کوردیی دا )،دەردەخات، کە بەهۆی بنەما مۆدولارییەکانییەوە حوکمی نواندنە دەنگییەکان وجێبەجێکردنی یاسافۆنۆلۆجییەکان دەکات، کە لە بنەڕەتدا بۆ لێکۆڵینەوە لە دروستەی وشە هاتۆتە ئاراوە. هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە، ناساندنی ئەو تیۆرییەو بنەماکانی کارپێکردنییەتی بەبواری زمانەوانیی زمانی کوردیی و ناساندنی ئەو ژینگانەی کە دیاردەی دەنگسازیی تیایاندا سەرهەڵدەدات( ژینگەی مۆرفۆفۆنەمیک) و (ژینگەی پرۆسۆدیکیی)، هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکەن، تا دەرئەنجامی ڕادەی گونجاوێتی کارپێکردنیشی بۆ زمانەکە بەدەستبێت. هەرچەندە کاری زۆر لەبواری مۆرفۆفۆنەمیکیی زمانی کوردیی دا کراوە، بەڵام هەمبەربە بواری نواندنی پرۆسۆدیکیی وەک نواندنێکی فەرهەنگیی و دەست نیشانکردنی ئاستەکانی فەرهەنگ لە ڕووی جێبەجێکردنی یاسافۆنۆلۆجی مۆرفۆلۆجییەکانەوە بە شێوەی سووڕیی و ناسووڕیی کاری کەمتری تێداکراوە. لە لێکۆڵینەوەکەدا هەوڵدەدرێت بۆ سەلماندنی ئەوەی کە نواندنی پرۆسۆدیکیش بەشێکە لە نواندنە فەرهەنگییەکان، نەک ئەوەی نواندنی پرۆسۆدیکی نواندنێکی کاتی و دوافەرهەنگی بێت، پاشان هەوڵدراوە ئاستەکانی فەرهەنگ بە پێی ئاستە سووڕیی و ناسووڕییەکان جیابکرێتەوە و لایەنی جیاوازی لەگەڵ بۆ چوونەکانی تیۆرییەکەدا بخرێتە ڕوو، بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا کورتەیەک دەربارەی تیۆرییەکە خراوەتەڕوو کە دوو تێڕوانینی جیاواز لە خۆدەگرێت، بەڵام تەنها تێڕوانینی مۆفۆفۆنۆلۆجییانەو بنەمای جیاوازیکردن لە نێوان هەردوو مۆدولی فەرهەنگیی و دوافەرهەنگیی دا ڕوونکراوەتەوە. لەگەڵ دەرخستنی بنەماکانی جێبەجێکردنی تیۆرییەکە و لەدەرئەنجامدا توانای جیاکردنەوەی ئاستە سووڕیی و ناسووڕییەکان لەفەرهەنگی کوردیی دا بەدەستهاتووە، دیاریکردنی ئاستی دواسووڕییش لە ئاستی دوافەرهەنگدا دەرخراوە.

**کلیلە وشە: نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان، مەرجی توندی سووڕ، بنەمای پاراستنی دروستە، گریمانەی بواری بەهێز، بلۆککردن، سووڕیی ، پرەنسیپی لووپ، ئاستی دوافەرهەنگ.**

Recieved: 14/1/2024
Accepted: 21/2/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# ١/. پێشەکی:

تیۆرییەکە لە ساڵانی ١٩٨٢ز بەدواوە لە قوتابخانەی زمانەوانی لەندەن دا سەری هەڵداوە، هەوڵدراوە بۆچوونەکانی هەریەکە لەو زمانەوانانە بخرێتەڕوو کە لە بوارەکە دا کاریان کردووە. پاشان بنەما مۆدولارییەکانی تیۆرییەکە خراوەتەڕوو کە لە هەمان کات دا بە بنەمای جیاوازیی کردن لە نێوان هەردوو ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگ دادەنرێت، پاشان بەپێی پێویست هەریەکە لەو بنەمایانە بە نموونەی زمانی کوردیی ڕوونکردنەوەی بۆ کراوە سەرەڕای نموونەکان لە زمانی ئینگلیزیی دا، پاشانیش بە کورتی ئاماژە دراوە بە سروشتی یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان. سەرەڕای ئاماژەدان بە ئاستڕێکخستن و سووڕێتی وناسووڕیی لە چینەکانی فەرهەنگ دا، لە ژینگەکانی داڕشتن دا، جێبەجێکردنی ئەم بنەما مۆدولارانەی تیۆرییەکە لە تێڕوانینی مۆرفۆفۆنۆلۆجییانەدا و لە سووڕێتی/سووڕیی و ناسووڕیی لە تیۆرییەکەدا پەسنکراوە.
لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت وەڵامی چەند پرسیارێک بدرێتەوە کە تایبەتن بە زمانی کوردیی، وەک :
- ئایا ئاستەکانی داڕشتن لە فەرهەنگ ودوافەرهەنگی زمانی کوردیی دا، دواسووڕیین post cyclic، وەک ئەوەی (Booij & Rubach ,١٩٨٤: ١ ))ئاماژەیان پێداوە لە زمانی هۆڵەندی و پۆڵەندی دا؟
- ئایا ئاستە داڕشتنییەکانی فەرهەنگ و دوافەرهەنگ= بە سووڕیی و ناسووڕیی، یان وەک بۆ چوونی دووەم؟ ئاستی سەروو ئاستەکانی داڕشتن =سووڕیی، و ئاستەکانی داڕشتن لە فەرهەنگدا= دواسووڕیی بن؟
-ئایا هیچ ئاستێکی سووڕیی هەیە بۆدانە و ڕەگە دانەڕێژراوە و توخمەبنچینەییەکان لە فەرهەنگ دا لە زمانی کوردیی دا؟
هەوڵدراوە وەڵامی بەشێک لەو پرسیارانە لە ڕێگەی پەسنکردنی نواندنی فۆنۆلۆجییانەی هەندێک لە ئاستەکانی داڕشتنەوە بە پێی بنەماکانی جێبەجێکردنی یاسافۆنۆلۆجییەکان بەدەست بهێنرێت، دەبێت ئەوە تاقیبکرێتەوە کە ئاخۆ لە نواندنی فۆنۆلۆجییانەی وشە فەرهەنگییەکان دا، کە هەردوو نواندنی (پێکهاتەیی فۆنۆلۆجییانەو نواندنی پرۆسۆدیکییانە)دەگرێتەوە، کە جێبەجێکردنی سەرجەم یاسا فۆنۆلۆجییەکانە پێکەوە، بۆ نواندنیان، بە شێوەی سووڕیی یان ناسووڕیی جێبەجێدەکرێن، لە فەرهەنگی زمانی کوردیی دا؟.

## ١/١ تیۆری فۆنۆلۆجی فەرهەنگیی و دوافەرهەنگییLexical and Post Lexical١٩٨٢ Phonology:

تیۆری فۆنۆلۆجی فەرهەنگی وای دادەنێت کە فۆنۆلۆجی لە نێوان دووپێکهاتەیcomponent جیاوازدا (بوونی)هەیە لە ڕێزمان/گرامەردا (کە بریتین لە فەرهەنگ و دەرەوەی فەرهەنگ/دوافەرهەنگ). بەپێی ئەم تیۆرییە بەشێکی فۆنۆلۆجی دەکەوێتە ناو فەرهەنگەوەLexicon ، کە دەتوانێت ئاماژە بەو زانیارییانە بکات کە لە فەرهەنگەکەدا ئامادەن و بوونیان هەیە، ئەم بەشەی فۆنۆلۆجی لە دووکۆمەڵە لە زانیارییەکان پێکدێت، کە بریتین لە کۆمەڵەی زانیارییە فۆنۆلۆجییەکانی پەیوەست بە زانیارییە مۆرفۆلۆجییەکانەوە morphological informations و کۆمەڵەی دووەمیشیان پێکدێت لە سێتێک لە کەرتە/سەگمێنتە دەنگییە فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان (کە دواتر وشەی فۆنۆلۆجی یان فرێزی فۆنۆلۆجی بەرهەم دێت لێیانەوە) لەگەڵ دروستەکانیان Set of lexical phonological segments and structures.
بەشەکەی تری فۆنۆلۆجی لە دەرەوەی فەرهەنگدایە، کە لەوێدا ئیتر هەر بەتەنها زانیارییە مۆرفۆلۆجییەکان

لەویدا بەردەست نین، (بەڵکو زانیاری تریش بەردەست دەبێت) و زنجیرە دەنگێک بەرهەم دەهێنێت(دەربڕاو utteranceبەرهەم دەهێنرێت) کە بەتەنها لە کەرتە دەنگییە/سەگمێنتە فەرهەنگییە ڕووتەکان دروست نەبوون (چونکە تایبەتمەندیی تری دەنگی، یان نیشانەی تری دەنگییان لەگەڵدایە(وەک هێز ، تەوژم/پیچ، ئاوازەIntonation، تۆنtone (ئەگەر زمانەکە تۆنی بێت)...)، هاوکات لەگەڵ کۆمەڵێک لەو تایبەتمەندییە دەنگییانەی ترproperties کە دەیان بەستێتەوە بە یاسا فەرهەنگییەکانەوە، چونکە ئەو تایبەتمەندییە دەنگییانە تۆکمە و بەهێزن لەوەدا کە بتوانرێت لێک بدرێنەوە(تۆکمەو بەهێزن لە شیاوێتی لێکدانەوەدا) و بەشداردەبن لە جیاکردنەوە و جیاوازیکردن لە نێوان یاسا فەرهەنگی و یاسا دوافەرهەنگییەکاندا ( Gussen hoven and Jacobs ،٢٠١١:١٤٥-١٤٦). دەبێت یاسا دوافەرهەنگییەکانیش post-lexical rules لە یاسا فەرهەنگییەکان lexical rules و لە یاساکانی جێبەجێکردنی فۆنەتیکی Phonetic implementation rules جیا بکرێنەوە، ئەوەش کارێکی گرانە چونکە لە پراکتیکدا یا لە جێبەجێکردنی کارەکیدا، یاساکانی جێبەجێکردنی فۆنەتیکی و یاسا فۆنۆلۆجییەکان کاریگەرییەکانیان لەیەکدەچێت و لە هەمان کاتیشدا یاسا دوافەرهەنگییەکانیش یاسای فۆنۆلۆجی ناو مۆرفۆلۆجی و سینتاکیشن.

یاسا دوافەرهەنگییەکان هەستیارن و کاردانەوەی وردوخێرایان هەیە بەرامبەر بە زانیارییە مۆرفۆلۆجییەکان morphological informations ، ئەوەش وادەکات واگریمانە بکرێت کە یاسا دوافەرهەنگییەکان دەتوانن ئاماژە بە زانیارییە سینتاکسییەکانSyntactic information بکەن، بەڵام بەڵگەی بەهێز لەدژی ئەم گریمانەیە هەیە، بەڵکو لە ڕاستیشدا، یاسا دوافەرهەنگییەکان ئاماژە دەکەن بۆ ئەو نواندنانەی representations کە بەشێکن لە پێکهێنەرە/دروستە سەرەکییە فۆنۆلۆجییەکانphonological constituent structure کە بە پلەبەندیی هەرەمیی پرۆسۆدیکیی ناسراوەProsodic hierarchy، دواتر وەک تیۆری فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکیی ناسرا. دروستە پرۆسۆدیکییەکانیش وەک (مۆراmoral ، بڕگەSyllabel، پێ foot، وشەی فۆنۆلۆجیphonological word، فرێزی فۆنۆلۆجی phonological phrase، فرێزی ئاوازەییIntonational phrase ، دەربڕاو Utterance) دەگرێتەوە. کەواتە دوو ڕێباز/دووتێڕوانینی جیاواز لە تیۆری دەنگسازیی فەرهەنگیی دا هەیە: کە تێڕوانینی (مۆرفۆ-فۆنۆلۆجیی (مۆرفۆ-فۆنەمیکیی) و تێڕوانینی پرۆسۆدیکییە) :





هێڵکاری (١)نواندنی ڕێبازەکانی تیۆری دەنگسازی فەرهەنگی (ئەم هێڵکارییە دروستکراوە لە ئەنجامی لە پەسنکردنەکانیئەوسەرچاوانەی کەباسیان لە تیۆرییەکە کردووە[pandy ١٩٩٧: ٩٧-١٠٢)؛ Gussen hoven

phrasal phonology ( (Pulleyلـە ٢٠١١:١٤٥-١٤٦؛ ئاستی ڕستە یان ئاستی فۆنۆلۆجیی فرێز, and Jacobs ١٩٨٦:٢,blank لە ٢٠١٩,NidhamSheet) :٢١٧؛ ٢٠٠٨:٢٧٧-٢٧٨؛ ,Crystal ,Booij ٢٠٠٦: ٩٤؛ ,Crystal ٢٠٠٨:٢؛ ؛ ١٩٩٦,Selkirk : ١٨٧]).

## ١/١-١ تیۆرانینی مۆرفۆ-فۆنۆلۆجییانە:

ئەم تیۆرانینە لە لایەن (١٩٨٢a,b,Kiparsky ، ١٩٨٣,١٩٨٥,...,K.PMohanan ١٩٨٢,١٩٨٦, Booij&Rubach ١٩٨٤, ,Halle&Mohanan ١٩٨٥, Rubach ١٩٨٥, Kasse&Shaw ١٩٨٥, ,Pulley blank ١٩٨٦, ,Katamba ١٩٨٩, ) پەرەی پێدراوە، سەرەتای تیۆرییەکە سەرچاوە دەگرێت لە کیپارسکی ١٩٨٢a,b,Kiparsky،کە لە بنەڕتدا ڕێبازێک بووە بۆ خستنەڕووی دروستەی وشە (١٩٨٢a,Kiparsky: ١٣١). خودی تیۆرییەکەش لە بەرەوپێشبردنی چەند تیۆری و بابەتێکی تروە سەرچاوەی گرتووە، وەک لەهێڵکارییەکە دا خراوەتەروو:




هێڵکاری(٢) تیۆرییە پێکهێنەرەکانی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیی نیشاندەدات لە (١٣١:Kiparsky١٩٨٢a)

کیپارسکی دەڵێت کاتێک ئەم تیۆریانە یەک دەخرێن و بەرەوپێش دەبرێن بە ئاراستەیەکی دیاریکراو هەموویان پێکەوە زنجیرەیەک لە تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان و پەیوەندی ئەو یاسا فۆنۆلۆجیانە بە مۆرفۆلۆجیی و فەرهەنگەوەڕووندەکەنەوە(١٩٨٢a,Kiparsky: ١٣١)، کە ئەوەش ڕوونترین پێناسەیە بۆ مۆرفۆفۆنەمیک. سەرجەم ئەو لێکۆڵینەوانەش کە دەکەونە ناو ئەم بوارەوە بەرێبازی مۆرفۆفۆنەمیکی دادەنرێن لە تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیی دا. لەبەر ئەوە (١٩٩٠:٤١٣,Clark& Yallop) دەڵێن (یاسا فەرهەنگییەکان تا ڕادەیەکی زۆر مۆرفۆفۆنەمیکین لە ڕووە باووتەقلیدییەکیانەوە ئەو یاسایانە دەگرێتەوە کە لە SPE دا ناسێنرابوون. یاسا دوافەرهەنگییەکانیش لە پرۆسە ئەلۆفۆنییە باووتەقلیدییەکانی مۆرفۆفۆنەمیکی دەچێت.allophonic process of traditional phonemics).

لە زمانی کوردیی دا ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەربارەی ئاستی مۆرفۆفۆنەمیکی و ئاستی مۆرفۆسینتاکسی ئەنجام دراون، بۆ نموونە لە ئاستی مۆرفۆفۆنەمیکی دا وەک (طالب حسین علی ١٩٨٩،

محەمەد مەحوی۲۰۱۰، بازیان یونس محێدین ۲۰۱۳، صالح عبداللە بابکر۲۰۱٦، دڵشاد محەمەد غەریب۲۰۱۹، هاوکار عمر خضر ۲۰۱۹، پێشڕەو ساڵەح علی۲۰۱۹، دڵشاد غالی ساڵەح پێشڕەو ساڵەح علی۲۰۱۹) لە بواری مۆرفۆسینتاکسییشدا وەک( (ئەبوبەکر عومەر قادر۲۰۰۳، فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی ، بکر عمر علی ۲۰۰٤،) چەندین سەرچاوەی تر).

## ۲-۱/۱ بنەما مۆدولارەکان لە تیۆریی فۆنۆلۆجی فەرهەنگیدا :

بنەما مۆدولارەکان لە تیۆرییەکەدا کە بنەمای جیاوازی کردنن لە نێوان ئاستی فەرهەنگ LP و دوافەرهەنگ Post-LP.

پاندی (Pramod Pandy,۱۹۹۷: ۹۷-۱۰۰)وای دادەنێت کە ئامانجی سەرەکیی ئەم تیۆرییە گەڕانە بەدوای بنەما مۆدولارەکان دا modular principles یان گەڕانە بە دوای بنەما پێوەرییەکان دا، کە حوکمی نواندنە فۆنۆلۆجییەکان و جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان دەکەن. هەریەکێک لە ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگی گرامەر/ڕێزمانی هەر زمانێک بە جیاواز لەیەکتر دادەنرێن لەسەر بنەمای: تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکانproperites of phonological rules، تایبەتمەندیی نواندنەکانیانproperites of representations ، نەریتەکانConventionsو بەستنەوەکان constraints.

### ۱-۲-۱/۱ تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان Properties of Phonological Rules

تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە سێ باردا دەبینرێنەوە:

۱- تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە جێبەجێکردنی یاسا فەرهەنگییەکاندا دەبینرێنەوە، کە یاسا فەرهەنگییەکان لەناو وشەکاندا جێبەجێدەکرێن، بەڵام یاسا دوافەرهەنگییەکان لە هەردووباری ناو وشە و دەرەوەی وشەدا/ بەسەر وشەدا جێبەجێدەکرێن. دەکرێت ئەو دەربڕینە بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە:

تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە جێبەجێکردنی یاسا فەرهەنگییەکان دا دەبینرێنەوە، کە یاسا فەرهەنگییەکان لەناو وشەکاندا یاخود لێکسیم و دانە فەرهەنگییەکانی وەک (وشە ئەرکییە سەربەخۆکان، وشەی فۆنۆلۆجی، وشە مۆرفۆسینتاکسییەکانی وەک (پارادایمە ناوی، هاوەڵناوی، کردارییەکان، وشە ئیندۆسێنتریکەکان، وشە ئێکسۆسێنتریکەکان، تەنانەت ئەو ئیدیۆمانەش کەدەکەونە ناو فەرهەنگەوە) ) جێبەجێدەکرێن، بەڵام یاسا دوافەرهەنگییەکان لە هەردووباری ناو وشەو دەرەوەی وشەدا/ بەسەر وشەدا جێبەجێدەکرێن؛ یان بە واتایەکی تر یاسا دوافەرهەنگییەکان (لە نێوان وشەکان دا و لە ناو دروستە سینتاکسییەکانی وەک (فرێزی سینتاکسی و ڕستە) و لە سەرجەم دەربڕاوەکان دا جێبەجێ دەکرێن وەک (ئەو دەربڕاوانەی کە دەکرێت لە یەک بڕگە یان دوو بڕگە یان تەنها یەک وشەی فۆنۆلۆجیش پێکهاتبن، بۆنموونە [ئا، نا ، بەڵێ، نەخێر،] ، هەروەها لە دەربڕاوە ڕستەییەکانی تری وەک[ منم، خۆمانین،.....] )]. ئەوەش بەپێی تایبەتمەندیی وجیاوازیی زمانەکان لەیەکتر دەگۆڕێت. لەزمانی کوردیدا دەبێت سەرەتا ئەوە یەکلابکرێتەوە ئایا پێکهاتەی فرێزی سینتاکسی یان یەکە مۆرفۆسینتاکسییەکان دەکەونە فەرهەنگەوە یان نا، پاشان بەپێی ئەوە ئەم بنەمای جیاوازی کردنە لە نێوان دوو ئاستەکەدا ئاماژەی پێ دەدرێت، کە یاسا فەرهەنگیەکان تەنها لەناو وشەدا جێبەجێ دەکرێن یان لە ئاستی فەرهەنگدا بەسەر وشەشدا

جێبەجێدەکرێن لە کوردیدا، هەروەها بۆ یاسا دوافەرهەنگییەکانیش بەتایبەتی لە ئاماژەدان بە دانە مۆرفۆسینتاکسییەکانی وەک پارادایمەکانی ناو هاوەڵناوو کردارلە زمانەکەدا، ئینجا دەتوانرێت ئەم بنەمایە بچەسپێنرێت.

٢- یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان ئەوەیە کە یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان لەگەڵ مۆرفۆلۆجیی دا پێکدادەچن وکارلێک دەکەن، یەک لەدوایەک جێبەجێدەکرێن ولە ئەنجام دا هەرجارێک وەسفی یا پەسنی دروستەی فۆنۆلۆجیی وشەکە یان دانە فەرهەنگییەکە بکرێت، ئەوا سووڕێتی cyclicity وەک تایبەتمەندییەکی سروشتیی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان دەبینرێت، یاسافۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکەش وەک دەرئەنجامی یاساکانی وشەڕۆنانWFR word formation rule دەبینرێت.

٣- یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان دەکرێت بارەکانی هەڵاواردن یان وەلانانیان هەبێت، چونکە هەڵاواردن exeption واتە هەبوونی چەند دانەیەک کە لە یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکە لادەدات، هەروەک لەیاسای (خاوبوونەوەی سێ بڕگەیی Trisyllabic Laxing) لە زمانی ئینگلیزیی دا کە یاسایەکە گەر وشەیەکی فەرهەنگیی لە سێ بڕگە پێکهاتبێت ئەوا بڕگەی پێش کۆتایی کە بڕگەی ئەنتی پەنەڵتیمەیت(antepenultimate syllable)ی ئەو وشانەی بە پاشگری (-ity)دارڕژاون، بزوێنی بڕگەی پێش کۆتاییان شل/خاو دەبێتەوە، بەڵام لە وشەکانی (nice, obese)دا سەرەڕای وەرگرتنی پاشگرەکەش دەبنە هەڵاوێری یاساکە و بڕگەی پێش کۆتاییان خاونابنەوە، بەم پێیە هەر یاسایەک گەر هەڵاواردنی هەبێت هەرگیز ناتوانێت بێتە یاسایەکی دوافەرهەنگی(Gussenhoven & Jacobs, ٢٠١١: ١٣١).

لە زمانی کوردیی دا لە ئاستی فۆنۆلۆجیی کەرتیی دا، لە بوارێکی پێش ڕۆنانیی دا، وەک جیاوازیی لە دەنگی [و،وو] وەک دوو فۆنێمی جیاواز هەن لە وشەکانی [کوڕ]ناو، [کووڕ]هاوەڵناو دا لە ئاستی فەرهەنگ دا، بەڵام لە زۆربەی وشەکانی تردا لە شێوەزاری سلێمانیی دا وەک دوو ئەلۆفۆنی یەک فۆنیم دەردەکەون و گۆڕانی واتا ناهێننە ئاراوە، کەواتە دەکرێت [و،وو] وەک دوو فۆنێمی جیاواز بارێکی هەڵاواردن بێت بۆ فۆنیمی[و] لەو دوو وشە فەرهەنگییەدا (بڕوانە بەکر عومەر عەلی، ٢٠٠٥)، بەڵام لەو وشانەدا کە واتا ناگۆڕن، دەکرێت وەک ئەلۆفۆنی هەمان فۆنیمی [و]بن.

یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان بێ هەڵاواردن و لە هەموو بارێک دا جێبەجێ دەکرێن وەکو دەربڕینی ئاوازەی موودەکانی ڕستە یان سەرجەم ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆجییانەی کە لە فۆنۆلۆجیی کەرتیی و ناکەرتییەکاندا ڕوودەدەن، کە زۆربەی جار سەرپشکانەن.

٤- بە پێی تایبەتمەندیی زمانەکان هەندێک لە یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان تەنها لە بوارێکی ڕۆنانیی/ دارشتنیی دا جێبەجێ دەکرێن و لەبواری پێش ڕۆنانیی دا جێبەجێ ناکرێن. بە لام لە زمانی کوردیی دا هەوڵدەدرێت ئەو تایبەتمەندییە دیاری بکرێت و وەک لەنموونەکەی پێشوودا ئاماژەی پێدرا. یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان دەکرێت لە بوارە پێش ڕۆنانییەکانیشدا جێبەجێ بکرێن.

## ٢-٢-١/١ تایبەتمەندیی نواندنەکان : Properties of Representations

تایبەتمەندییەکانی نواندنە فۆنۆلۆجییەکان لە تیۆرییەکەدا چەند جۆرێکە:

١-تەنها سەگمێنتە کەتیگۆرییانەکان categorical segments لەمۆدولی فەرهەنگیی دا دەنوێنرێن( Parmod

١٩٩٧:١٩٧,Pandy)). واتە (نواندنی فۆنەتیکییانە و پرۆسۆدیکییانەیان هەیە)، بەواتایەکی تر تەنها ئەودانە فەرهەنگییانەی کە تایبەتمەندیی کەتیگۆرییانەیی(ناو، هاوڵناو، لەهەندێ زماندا کردار،..)یان هەیە دەنوێنرێن، یان دەتوانرێت بوترێت مۆرفیمە سەربەخۆکان و دانە فەرهەنگییە ئاڵۆزەکان لە مۆدولی فەرهەنگیی دا توانای نواندنیان هەیە. ئەمەش وەک یەکێک لە بنەماکانی تیۆرییەکە بۆ سەرجەم زمانەکان ناگونجێت، چونکە بەپێی تایبەتمەندیی زمانەکان شیاوی گۆڕانکارییە، زۆرێک لە کەتیگۆرییە ئەرکییەکانی وەک(پێشناوەکان ،ئامرازەکان، وشە ئەرکییە سینتاکسییەکانی(کە بە پۆلی ئامرازە پەیوەندییەکان ،لێکدرەرکانیش ناودەبرێن)) لە هەندی لە زمانەکان دا، وەک لە زمانی کوردیی دا، لە فۆڕمی مۆرفێمی سەربەخۆی فەرهەنگیی و لە ئەرکی ڕێزمانیی دا دەردەکەون، هەندێکیان بەتەنها نواندنی فۆنەتیکییانەیان بۆناکرێت لەئاستی فەرهەنگ دا، بەڵکو تەنها لە ئاستی دوافەرهەنگ دا دەنوێنرێن(تەنها نواندنی پرۆسۆدیکیانەیان بۆ دەکرێت)، هەندێکیشیان هەردوو نواندنەکەیان بۆ دەکرێت. بەڵام کیپارسکی دەڵێت (مۆرفیمە بەندەکان و لاگرەکان (چ ڕێزمانیی بن یاخود فەرهەنگیی) تەنها توانای نواندنی فۆنەتیکیانەیان هەیە، بەڵام توانای نواندنی پرۆسۆدیکییانەیان نییە، نابنە دەروازەی زانیاریی فەرهەنگیی lexical entries و هەرگیز فیچەری فەرهەنگییان lexical features نابێت، نە بەشێوەی خۆڕسکیی نە بەهۆی بەدەستهێنانەوە (Kiparsky,١٩٨٢b :٦).) لە زمانی ئینگلیزیی دا. مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەرە فەرهەنگییەکان، مۆرفیمە بەندە وشە گۆڕەکان(سینتاکسییەکان) کە بە وشەی ئەرکیی ناسراون، دەکرێت کەرتەدەنگییەکانیان گۆ بکرێن وبهێنرێنە ئاستی ڕووکەش، بەڵام هەرگیز ناکرێت نواندنی پرۆسۆدیکییانەیان هەبێت )کە ئەم نواندنەش هەر دەکەوێتە فەرهەنگەوە)، چونکە پێکهاتەی برگەیی پرۆسۆدیکییانەو هێز و دروستەی (پێ)یان نییە لە( (Booij,١٩٩٢) سەلمێنراوە). گەر قسەپێکەری زمان بیەوێت ئاماژەیان پێ بدات، وەک ئاماژەدان بە [/-ین/] کە مۆرفێمێکی بەندی وشەدارێژەرە، [/-ەکە/] کە مۆرفێمێکی بەندی وشەگۆڕە، تەنها کاتێک دەتوانێت کە دەچنە بوارەکانی ڕۆنانەوە لە [زێڕین] و[گوڵەکە] دا نواندنی فۆنەتیکیی ئەو مۆرفیمە بەندانەن بەڵام بەتەنها نادرکێنرێن، چونکە سەگمێنتێکی کەتیگۆرییانە نین، پاشان نواندنی پرۆسۆدیکییانەیان دەبێت بە [زێڕیین، گوڵەکە].

٢- بەها پێشبینیی نەکراوەکانی فیچەرەکان ‹دیاریی نەکراون› لە نواندنە بنچینەییەکانی فۆڕمەکانی ئاستی قووڵ دا underlying representation بەپێی تیۆری مەرجی پاڵاوتن/دیاریکردنی خورتی under specification دیاری نەکراون، هەر لەم خاڵەوە دەتوانرێت جیاوازیی لە نێوان نواندنی فۆنەتیکیی و پرۆسۆدیکیی دا بکرێت، چونکە نواندنی دانەکانی ئاستی قووڵ بۆ فیچەرەکان بەهایەکی پێشبینیی کراوە بە پێی تیۆری under specification، لە نواندنی فۆنەتیکیی دا بەرجەستە دەکرێت، کە نواندنە فۆنەتیکییەکەیە، بەڵام بەستنەوەکانی وەک دروستەی برگەییان و دانانی شوێنی هێز و..... ئەو گۆڕانکارییە دەنگییانەش کە لە ئەنجامی ئەو بەستنەوانەوە ڕوودەدەن، لە نواندنی پرۆسۆدیکییەکەی دا بەرجەستە دەبێت، نەک لە نواندنی فۆنەتیکیی دا. بۆ نموونە وەک لە نواندنی فۆنۆلۆجیانەی ئاستی قووڵی فۆڕمی وشەی [هەنگ] دا، دەنگی/**ŋ**/ بەهایەکی پێشبینیی نەکراوە، چونکە بەیەک گەیشتنی دەنگی [/ن/+ /گ/] لە پاشکۆی برگەدا دەبێت بە دەنگی[/**ŋ**/] کە ئەوەش بەستنەوەیەکە لە نواندنی پرۆسۆدیکیی وشەکەدا بەرجەستە بووە، هەروەها لە وشەی [زرنگ] دا، بەهای دەنگیی کەرتە دەنگییە پێکهێنەرەکانی وشەکە لە ئاستی قووڵ دا پێشبینیی کراوە، بەڵام بەستنەوەی برگەبرگە کردنەکەی، لە ئاستە قووڵەکەی دا بۆ ئەو فۆڕمە پێشبینیی نەکراوە، بەڵام

دروستەی بڕگەکەی لە نواندنە پرۆسۆدیکییەکەی دا بەرجەستە دەبێت، کە وەک زانیارییەکی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیی پرۆسۆدیکیی لە فەرهەنگیی ئاوەزیی دا بەرجەستە کراوە بەم شێوەیە :

[ز.رنگ] کە لە بڕگەکانی زi. رنگ پێکهاتووە نەک لە زنر. نگ .کە فیچەرێکی نادیاریکراوی بەرهەمدەهێنێت.

٣- بەهای فیچەرە نادیاریکراوەکان بە یاسا تایبەتمەندەکانی زمانێک ویاسا گونجێنراوە گشتگیرەکان پڕدەکرێتەوە (Kiparsky,١٩٨٢a: ١٦٧). هەروەک لە خاڵی پێشووتر دا ئاماژەی پێدرا، بەهای ئەم فیچەرە نادیاریکراوانەش بەهۆی یاسا تایبەتمەندەکانی زمانەکەوە دیاریدەکرێت، وەک لە تایبەتمەندیی دانانی هێز لەسەر بڕگەی کۆتایی لە (ناو)دا کە بەستنەوەیەکی فەرهەنگیی کوردییە، دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی بزوێنی بڕگە هێزدارەکە یان بەرزکردنەوەی هارمۆنییەکەی لە هەندێکی تریان دا، پاشانیش بە هۆی یاسا گونجێنراوە گشگیرەکان، لەکاتی زیادکردنی هەر لاگرێکدا ئاماژە بە گۆڕان یان نەگۆڕانی شوێنی هێزەکە دەدرێت، وەک لە :

[/هاوین/]ناو دا نواندنی فۆنەتیکییەکەی دەبێت بە/هاوین/ بەڵام لە نواندنی پرۆسۆدیکییەکەی دا دەبێت بە /هاویین/ ئەوەش بەهۆی بڕگەکردن و دانانی هێزەوەیە، کاریگەریشی لە دروستەی فۆنۆلۆجیی وشەکە کردووە و سەگمێنتێکی /ی/ بووە بە /یی/ واتە /ی/ واتە درێژکردنەوەی بزوێنی بڕگەی هێزدار، کەتایبەتمەندییەکی زمانی کوردییە، بەهای فیچەرێکی نادیاریکراوی پڕکردووەتەوە. بەڵام لە [هاویین + ە] هاوەڵناو دەبێت بە /هاوینە/ لە نواندنە پرۆسۆدیکییەکەی دا.

### ٣-٢-١/١ نەریتەکان Conventions و بەستنەوەکان Constraints

١-٣-٢-١/١ نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان : BEC Bracet Erasure Convention

نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییە ناوەکییەکان ئەو نەریتەیە (یان ئەو خووەیە) لە کۆتایی هەر ئاستێکی داڕشتن یان ڕۆناندا کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان دەسڕێنەوە و لادەبرێن (Kiparsky,١٩٨٢a: ١٤٠).

کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان: بریتییە لەو سنوورە مۆرفۆلۆجییەی کە هەردانەیەکی فەرهەنگی هەیەتی چ سادە بێت یان داڕێژراو یان لێکدراو، کە تیایدا ڕێگە نادرێت بە مۆرفێم یان کەرتی تر ڕاستەوخۆ بە دانە فەرهەنگییەکەوە بلکێت، بەڵکو تەنها لە ژینگە داڕشتنییەکاندا و لە پرۆسەمۆرفۆلۆجییەنی داڕشتندا ڕێگە بە سڕینەوەی ئەو سنوورە دەدرێت بۆ بەرهەمهێنانی دانەیەکی نوێ و ئینجا دووبارە دانانەوەی سنوورێکی نوێ بۆ دانە بەرهەمهاتووە نوێیەکە/دەرکردەبەرهەمهاتووە نوێیەکە، کە پێیشی دەوترێت کەوانەی مۆرفۆلۆجی ناوەکی؛ بەم پرۆسەیەش دەوترێت ‹سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان ‹.

بە هۆی نەریتی سڕینەوەی کەوانەکانەوە لە ژینگەکانی داڕشتن دا کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان لادەبرێن بەم شێوەیە: هەر دانەیەکی فەرهەنگیی دروستەیەکی مۆرفۆلۆجیی خۆیی هەیە، کە مۆرفێمێکی سەربەخۆیە یا لە چەند مۆرفێمێک پێکهاتووە، لەکۆتایی دا کەوانەیەکی مۆرفۆلۆجیی ناوەکیی هەیە، بەڵام لە کاتی داڕشتن دا لە ژینگەکانی داڕشتن دا ئەو کەوانە مۆرفۆلۆجییە ناوەکییە دەسڕێتەوە و کەوانەیەکی مۆرفۆلۆجیی بۆ دانە نوێیەکە دروست دەبێت، بەم شێوەیە لێکانەوەی خوارەزمی بۆ دەکرێت:، بۆنموونە:

[N] root= base ⟶ [ [N] root= base + -Y] ⟶ [NY]Stem= base

[ [NY] Stem= base + -Y] ⟶ [NYY] base2

[[grammaat] root= base1 + -ic (Y1)] ⟶[grammatic] base2 =Stem1

[[grammatic] base2 =Stem1+ -al(Y2) ⟶ [grammatical] base3= Stem2

[-un(Y3)+ [grammatical] base3= Stem2] ⟶[ungrammatical] base4 =Stem3

[ [ungrammatical] base4 =Stem3+ -ity(Y4)] ⟶[ungrammaticality] (Roca,1994:254255-)

نموونە لەزمانی كوردیشدا:

[شـار]ناو ⟵ [[شـار]ناو + -ەوان] ⟵ [شـارەوان]ناو (كەوانـەی مۆرفۆلۆجـی ناوەكـی (شـار) لـە كۆتایـی ئـەم ئاسـتەی دارِشـتندا لابـرا)

[شارەوان]ناو⟵[[شـارە وان]نـاو + - ی ] ⟵[شـارەوانی ]نـاو (كەوانـەی مۆرفۆلۆجـی ناوەكـی ( شـارەوان) لـە كۆتایـی ئـەم ئاسـتەی دارِشتنیشـدا لابـرا)

تەنانـەت نەریتـی سـڕینەوەی كەوانـەكان لـە ڕووی پرۆسـۆدیكییشـەوە جێبەجـێ دەكرێـت، كـە لـە لابـردن و گۆڕینـی شـوێنی هێـز دا دەبینرێتـەوە، (Kiparsky,١٩٨٢a: ١٤١) وەک لـە زمانی ئینگلیزیـی دا، لـە ئاسـتی/ لێڤێڵـی یەكدا كـە دارِشـتن و ڕۆنانـی (نـاو) لـە (كـردار)ەوە تەنهـا بـە گۆڕینـی شـوێنی هێـز لـە سـەر كردارەكـە و دانانەوەی بـە پێـی تایبەتمەندیـی شـوێنی هێـز لـە (نـاو)دا، ئـەم پرۆسـەیەش بـە نەریتـی سـڕینەوەی كەوانـە مۆرفۆلۆجییـە ناوەكییـەكان دادەنرێـت لـە زمـان دا، بـۆ نموونـە وەک لـە :

[tórment]N ⟶ tormént]V

هەروەهـا لـە ڕۆنـان و دارِشـتنی (كـردار) لـە (نـاو)ەوە وەک لـە ئاسـتی دوو/ لیڤڵـی دوو ی زمانـی ئینگلیزیـی دا، بەهەمـان شـێوەی ئاسـتی یـەک تەنهـا بـە گۆڕینـی شـوێنی هێـز لـە سـەر (ناو)وەكـە و دانانـەوەی بەپێـی تایبەتمەندیـی شـوێنی هێـز لە(كردار)ەكـەدا، وەک لـە [pattérn]V ⟵ páttern]N

## ٢-٣-٢-١/١ مەرجی توندی سووڕیی SCC Strict Cycle Codition :

یاسـا سـووڕییەكان دەكەونـە ژێـر ڕكێفـی مەرجـی تونـدی سـووڕییەوە لـە جێبەجێكردنـی یاسـا فۆنۆلۆجییـە سـووڕییەكان دا لـە ژینگە/بـوارە ناڕۆنانییـەكان دایـان لـە ژینگـە دانەڕێژراوەكانـدا non-derived environment. بەواتایەكـی تـر یاسـا فۆنۆلۆجییـە سـووڕییەكان كـە بـە شـێوەیەكی بازنەیـی یـا بـە شـێوەیەكی خولیـی دووبـارە دەبنـەوە لـە كاتـی فـۆرِم دارِشـتنی وشـەنوێیەكان دا واتـە لـە ژینگەكانـی ڕۆنـان دا، بـەڵام بـە هـۆی مەرجـی تونـدی سـووڕییەوە ئـەم یاسـا فۆنۆلۆجییـە سـووڕییانە ناكرێـت لـە ژینگـە ناڕۆنانییەكانـدا جێبەجـێ بكرێـن، چونكـە كیپارسـكی دەڵێـت: ((یاسـا فۆنۆلۆجییـە سـووڕییەكان تەنهـا لـە نواندنـە دارِێژراوەكانـدا جێبەجـێ دەكرێـن))( Kiparsky,١٩٨٢a: ١٥٤). دەڵێـت گرنگتریـن سـەرئەنجامی مەرجـی تونـدی سـووڕیی Strict Cycle Codition ئەوەیـە كـە (پێویسـتە پەیوەندییـەک هەبێـت لـە نێـوان ئـەو ڕێگایـەی كـە یاسـایەكی پـێ ڕێـک دەخرێـت ordered و ئـەو ڕێگایـەی كـە یاساكەشـی پـێ جێبەجـێ دەكرێـت: ڕێكخسـتنی سـووڕیی پێویسـتە ببەسـترێتەوە بـە دیاریكردنـی ژینگـەی دارِشـتنەوە).( Kiparsky,١٩٨٢a: ١٥٤)).بـۆ نمونـە لـە زمانـی ئینگلیزیـی دا پاشـگرەكانی (-ary)و (-ory) هێـز وەردەگـرن بـە هـۆی یاسـای هێـز دانـان لـە زمانـی ئینگلیزیـی دا English Stress Rule، كـە

لەدوای بڕگەیەکی بێ هێزەوەunstressed syllable بێن، بەڵام ڕاستەوخۆ هێزەکەیان لەدەست دەدەن گەر لەدوای بڕگەیەکی هێزدارەوە stressed syllableهاتن(Kiparsky,١٩٨٢a: ١٥٥) بۆ نموونە:

tránsit+ -óry→trànsitóry

advís+-óry→advísory هێزەکەی لەدەست داوە چونکە لەدوای بڕگەیەکی هێزدارەوە هاتووە

دەکرێت ئەم بۆچوونە لە زمانی کوردیی دا بەشێوازێکی جیاوازتر لێکبدرێتەوە لەبەر تایبەتمەندیی زمانی کوردیی و لە ئاستی دارِشتنی سفر کە دەکەوێتە ئاستی دووەمی فەرهەنگەوە لە زمانی کوردیی دا، بە هەمانشێوە بە ژینگەیەکی دارشتنیی یان بوارێکی ڕۆنانیی دادەنرێت، ئەوەش وادەکات کە دانەکانی ئەو ئاستە بکەونە ژێر ڕکێفی نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییە ناوەکییەکانەوە، لەمبارەشدا دەکەونە ژێر ڕکێفی مەرجی توندی سووڕیی، ئیتر بەهۆی مەرجی توندی سووڕییەوە یاسا فۆنۆلۆجییە سووڕییەکانی ناو فەرهەنگ و هی ئاستی دارِشتنە نوێیەکەی خۆیانیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، وەک دانانەوەی هێز، بەپێی ژینگە دارشتنییە نوێیەکەی، بنەمای نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان لەکاردەخرێت و بنەمای مەرجی توندی سووڕیی هەر کارادەبێت، پاشان بنەمای پاراستنی دروستە دەکەوێتە کار بۆ پاراستنی قەوارەی دەنگیی دەرکردە outputنوێیەکە. وەک لە:

[شیرین]←[ شیرین]هاوەڵناو← [شیرین]←[ شیرین]ناو ئاستی دارشتنی سفر [نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکانBEC← مەرجی توندی سووڕییSCC ← بنەمای پاراستنی دروستەPSP گۆڕانی شوێنی هێزەکە دیاریدەکات، ڕاستەوخۆ بەهۆی گۆڕینی شوێنی هێزەوە درک بە پۆلە کەتیگۆرییەکەی دەکرێت ].

بەڵام لە: [خەو]ڕەگی کردار ← [خەو]ناو/=مۆرفیمی سەربەخۆ ئاستی دارشتنی سفر← [SCC ←BEC ← PSPتە ناتوانێت شوێنی هێزەکە بەئاشکرا دیاری بکات چونکە لەیەک بڕگە پێکهاتووە لە ئاستی ڕیتمی چەسپاودایە، بەڵام [خەو]ڕەگی کردار مۆرفێمێکی بەندە [خەو]ناو سەربەخۆیە.

### ٣-٣-٢-١/١ بنەمای پاراستنی دروستە PSP Principle of Structure Preservation :

ئەم بنەمایە لە بەرەوپێش چوونەکانی دواتری تیۆرییەکە دا هەر لەلایەن کیپارسکییەوە ١٩٨٥،١٩٨٤ لە(Kiparsky,١٩٨٤:١٤١, ١٩٨٥:٩٥) باسکراوە، وای دادەنێت کە یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان دەکەونە ژێر ڕکێفی بنەمای پاراستنی دروستە.

بنەمای پاراستنی دروستە: کۆتوبەندێکەrestriction لەسەر نواندنە بنچینەییەکانی(underlying representation) ی ئاستی قووڵ deep structure لەسەرانسەری هەموو فۆنۆلۆجی فەرهەنگیدا جێبەجێدەکرێت ، بۆنموونە ئەو دەنگانەی کە بە دەنگە پلەدارەکان (gradient sounds)ناسراون واتە فیچەری درێژکردنەوە بەردەوامی پێدانیان هەیە، وەک دەنگەکانی [i]. [e]، [ɛ] کە جیاوازن لە گۆڕانی پلەی (بەرزیتیheight)یاندا (R.L TRASK,١٩٩٦: ١٦٢ ()، کە ئەمە بەستنەوەیەکە constraint یان پابەندبوونێکی فۆنۆلۆجییە بۆ ئەو دەنگانە، تەنها دەتوانرێت لە مۆدولی دوافەرهەنگیی دا بناسرێن، چونکە ئەو بەستنەوەیەی ئەودەنگانە(gradient sounds)تەنها دەتوانرێت لەگەڵ نواندنەکەیان دا بجوتێنرێن/پێکەوەبلکێنرێن، لە فەرهەنگ دا، ئەمەش ئەوە

دەگەیەنێت تەنها لەکاتی نواندی پرۆسۆدیکیی دا ئەو تایبەتمەندییەیان دەردەکەوێت، چونکە لە ئاستی قووڵ دا ئەو بەستنەوەیەیان بۆ زیاد ناکرێت و دەرناکەوێت.

لەم ڕووەوە دەکرێت نواندی هەندێک لە وشەکان لە زمانی کوردیی دا بە(یەک، دوو) بڕگە یان چۆنییەتی دروستەی بڕگەکە بە هێنانە ئارای بزرۆکە بۆیان، وەک بەستنەوەیەکconstraint پابەندبوونێکی فۆنۆلۆجیی بۆ ئەووشانە دابنرێت، کە تەنها دەتوانرێت لە مۆدولی پرۆسۆدیکیی و دوافەرهەنگی دا بناسرێن، بەهەمان شێوە بچێتە چوارچێوەی بنەمای پاراستنی دروستەوە، وەک:

[زرنگ]ناولە فەرهەنگ دا←نواندی بڕگەیی←زi. رiنگ ← cv.cvccنواندنی پرۆسۆدیکی ←زi. رiنگ .zi cv.cvc← ← riŋ [ نەک بە زار. نiگ cvc. cvc بۆهەردوو کەتیگۆرییە جیاوازەکەی وشەکە، چونکە وەک ناو و هاوەڵناویش بەکاردێت، بەهۆی گۆڕینی شوێنی هێزەوە] ئەوەش ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەوە بێت کە ن،گ= /ŋ/ دەبن بەیەک دەنگ .

## هەر ئەم وشەیەش بەپێی پۆلە کەتیگۆرییەکە شوێنی هێزەکەی دەگۆڕرێت:

[زرنگ]هاوەڵناو ←[ زiٰ رنگ] [ چونکە وا گریمانە دەکرێت لە کەتیگۆریی هاوەڵناو دا جگە لەو هاوەڵناوانەی داڕێژراون بە [-ین]، هێز بکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی یەکەم لە زمانی کوردیی دا.]

[زرنگ]ناو←[زi رiٰنگ ] گەر وەک (ناو) بەکارهات [لە کەتیگۆری ناو دا هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی]

[پشک] ناو، لە فەرهەنگ دا ← نواندی بڕگەیی ← پشiک← ccvc نواندنی پرۆسۆدیکیی [ نەک بە پiشکcvcc ] چونکە لە کەتیگۆری (ناو)دا هێز دەکەوێتە سەربزوێنی بڕگەی کۆتایی، لەم جۆرە وشانەدا دانانی بزرۆکە بەپێی پۆلە کەتیگۆری و زانیارییە فەرهەنگییەکان لە دروستەی بڕگەکاندا دادەنرێت.

بەڵام خاڵی نە گونجانی ئەم بنەمایە لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیی دا، لە وشە تابۆکان دا دەبینرێنەوە. ئەمەش دەبێتە بەڵگە و پاڵنەر بۆ سەلماندنی ئەوەی کە دەکرێت لە زمانی کوردیی دا ئاستێکی سووڕیی و ناسووڕیی لە سەروو ئاستەکانی داڕشتنەوە هەبێت لە فەرهەنگی زمانەکە دا.

## ٤-٣-٢-١/١ گریمانەی بواری بەهێز : Strong Domain Hypothesis SDH


گریمانەی بواری/ژینگەی داڕشتنی بەهێز ئەوەیە کە هەموو یاسا فۆنۆلۆجییەکان بەیەکەوە حوکم دەکەن لە یەک پێکهاتەدا، لە هەردوو ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگ دا کاردەکەن و جێبەجێ دەکرێن، بە دوو ئەگەری جیاواز:

ئەگەری یەکەم: هەموویاسا فۆنۆلۆجییەکان لە سەرەتایی ترین ئاستی فەرهەنگ دا بەردەستن، بۆ ئەو پێکهاتانە/دانە فەرهەنگییانەی کە دەکەونە ژێر گریمانەی بواری بەهێزەوە و لە یەکەمین ئاستی فەرهەنگ دان. (لەزمانی ئینگلیزیی دا)

ئەگەری دووەم: کاتێک ئەو دانە فەرهەنگییانە دەکەونە ناو ژینگەیەکی ڕۆنانییەوە، سەرجەمی یاسا فۆنۆلۆجییەکان کە پێکەوە کاریان دەکرد و جێبەجێ دەکران و حوکمی دروستەی فۆنۆلۆجیی دانە فەرهەنگییەکەیان دەکرد، بەهۆی گریمانەی بواری بەهێزەوە، لەوانەیە بووەستن لە کارکردن، بەهۆی ژینگە داڕشتنە نوێیەکەیانەوە، لەوەش زیاتر لەوانەیە دەست نەکرێتەوە بە جێبەجێ کردنیان، یان پێکەوە

کارنەکەنـەوە، لەئاسـتی دواتـر دا بـە دانانـی مـەرج بۆیـان.
بـۆ نموونـە لـە زمانـی کوردیـی دا، لـە یاسـایەکی فۆنۆلۆجیـی کەرتیـی وەک پێکـەوە هاتنـی دەنگـی /ن/و/گ/ دەنگـی /ŋ/ دروسـت دەبێـت، کـە کۆتوبەندێکـە لەسـەر نواندنـە بنچینەییەکانـی ئاسـتی قووڵـی ئـەو دانـە فەرهەنگییانـەی کـە ئـەم دوو دەنگەیـان پێکـەوە تێدایـە، بـەڵام ئـەم دەنگـە نوێیـە بـۆ وشـەکان زیـاد ناکرێـن کەلـە ئاسـتی قـووڵ دان بەڵکـو دەجوتێنرێـت لەگـەڵ نواندنـی پرۆسـۆدیکی وشـەکەدا لـە ئاسـتی فەرهەنـگ و دوافەرهەنگیشـدا، ئـەو مەرجـەش کـە حوکمـی ئـەم پێکـەوە هاتـن و دروسـت بوونـی دەنگـە نوێیـە پرۆسـۆدیکییە دەکات، بەهـۆی بنەمـای پاراسـتنی دروسـتەوە، ئەوەیـە کـە دەبێـت هـەردوو دەنگـی /ن/و/گ/ بکەونـە بەشـی پاشـکۆ/کۆدا coda لـە نـاو دروسـتەی بڕگەکـەدا. بـەڵام لـە ئەگـەری دووەمـدا ئەگـەر وشـەکە بچێتـە بوارێکـی دارشـتنی تـرەوە لـە پرۆسـەیەکی مۆرفۆلۆجیـی تـر دا، ئـەو یاسـا فۆنۆلۆجییـەی کـەوەک بەسـتنەوەconstraint کاری دەکـرد بـۆ نواندنـی ئـەو دوو دەنگـە بـە دەنگـی /ŋ/، لـەکار دەکەوێـت، چونکـە ئـەو یاسـایە مەرجـدارە بـەوەی کـە دەبێـت هـەردوو دەنگـی /ن/و/گ/ بکەونـە کـۆدای بڕگەیەکـەوە، کاتێـک پێکهاتـە بڕگەییەکـەی کـە ئـەم دوو دەنگـەی تێدایـە لـە ئاسـتە نوێیەکـەی دارشـتن دا هەڵدەوەشـێتەوە، لـەم بـارەدا هـەر یەکـە لـەو دوو دەنگـە لەنـاو پێکهاتـەی کـۆدای هەمـان بڕگـەدا نامێنـن، /ن/ دەکەوێتـە کـۆدای بڕگـەی یەکـەم و /گ/ دەکەوێتـە سـەرەتای بڕگـەی دووەم، ئیـتر سـەرجەمی یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان کـە پێکـەوە کاریـان دەکـرد و جێبەجێدەکـران، کـە حوکمـی دروسـتەی فۆنۆلۆجیـی دانـە فەرهەنگییەکەیـان دەکـرد بەهـۆی گریمانـەی بـواری بەهێـزەوە، دەوەسـتن لـە کارکـردن، بەهـۆی ژینگەدارشـتنە نوێیەکەیانـەوە، جارێکـی تریـش دەسـت ناکەنـەوە بـە جێبەجێکـردن، یـان پێکـەوە کارناکەنـەوە، لەئاسـتی دواتـردا، بەمشـێوەیە:

١-[ڕەنگ]ناو [/reŋ/] یەک بڕگەیە ← نواندنی بڕگەیی ← CVC




٢- [[ڕەنگ]ناو+ -ینوشەی ئەرکی] ← [ /ڕەنگین/]هاوەڵناو ← نواندنی بڕگەیی ← ڕەن. گین CVC.CVC
ئە گەر جارێکی تر [ڕەنگ]ناو بچێتە ئاستی بوارێکی دارشتنی ترەوە وەک:
٤- [[ڕەنگین]ناو + -یوشەی ئەرکی] ← [ڕەنگینی]هاوەڵناو ← نواندنی بڕگەیی ← ڕەن. گی.نی cvc.cv.cv .
مـەرج نییـە یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان بەهەمـان شـێوەی ئـەم بوارانـە پێکـەوە کار بکەنـەوە، بەهـۆی بنەمـای پاراسـتنی

دروستەوە لە بوارەکاندا، جونکە مەرجی سووڕیی توند دەکەوێتە کار، یان دەشێت بەهۆی بنەمای بلۆککردنەوە، مەرجی سووڕی توند لەکار بکەوێت. (بۆ زانینی زیاتر دەربارەی ئەم کەرتە دەنگییە بڕوانە (بەکر عومەر عەلی ٢٠٠٥)).
٥-هەروەها لە [[دەنگ] ناو +و+[باس] ناو]⟵[دەنگوباس] یشدا بەهەمان شێوەیە

## ٥-٣-٢-١/١ بلۆککردن :Blocking

زاراوەکە لە مۆرفۆلۆجیی دا ئاماژە دەکات بۆقەدەغەکردن یان نەهێشتن لە جێبەجێکردنی یاساکان لە پرۆسەکانی وشە ڕۆنان دا، بۆ ئەوەی کە دەشێ هەبێت لە وشەیەک لە وشەکانی زمانەکەدا (واتە جێ بە جێ جێکردنی ئەویاسایە دەشێت بۆ هەندێت لە وشەکان ڕگە پێدراو بێت و بۆ هەندێکی تریان ڕێگەی پێ نادرێت و بلۆک دەکرێت لە هەمان بواری مۆرفۆلۆجیدا.) .( CRISTAL, ٢٠٠٨:٥٧). بەگشتی پرۆسەی بلۆککردن لەچەند ڕوویەکەوە لە ناو یاساکانی وشەڕۆنان دا word formation rule هەیە.
کیپارسکی ئاماژەی بە چەند پرۆسەیەکی بلۆککردن داوە لە ئاستەکانی داڕشتنی فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیی دا لە (Kiparsky,١٩٨٢a: ١٣٤-١٤٠)، وای دادەنێت کە (کاریگەری دیاردەی بلۆککردن دەبێت حسابی بۆ بکرێت)و دەڵێت (دیاردەی بلۆککردن لە سەپاندنی یاسا مۆرفۆلۆجییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت)،( Kiparsky,١٩٨٢a: ١٣٤)بۆ نموونە:

-[[ox]N+ s] N plural →□

دواتر هەر کیپارسکی لە توێژینەوەیەکی تایبەت دا بە دووروردرێژیی لە بلۆککردنی کۆڵیوەتەوە لەسێ تیۆری جیاوازدا لە (تیۆری مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگیی lexicalist morphology، تیۆری مۆرفۆلۆجیی پارادایمی ئەرکیی Paradigm Function morphology، مۆرفۆلۆجیی بەشکراوDistributed Morphology )، دەڵێت لێکۆڵینەوە لە بلۆککردن لەم تیۆریانە دا پشت دەبەستێت بە بەوەی کە بلۆککردن پەیوەندییەک نییە لە نێوان ململانێی یاساکانی وشە داڕشتن دا، بەڵکو پەیوەندییەکە لە نێوان ململانێی دەربڕاوەکاندا expressions. ئەوەش سەرچاوەی گرتووە لە تێڕوانینەکەی ۆندەرلیچ Wonderlich١٩٩٦، کەگرامەری زمان دابەش دەکات بۆ هەردوو پێکهاتەی بەرهەمهێنەروgenerative پێکهاتەی پاڵێوەرfilter، کە پێکهاتەی بەرهەمهێنەر پێک دێت لە سینتاکس و فەرهەنگ و مۆرفۆلۆجیی، بەمانا باوو تەقلیدییەکەی دەربڕینە شاراوەکانی زمان و لێکدانەوەکانیان دیاریدەکات، پێکهاتەی پاڵێوەریش لە میکانیزمی بلۆککردن پێکدێت کە دەربڕینە ڕاستەقینەکانی زمان و واتا ڕاستەقینەکانی دەربڕینەکان دیاریدەکات.( Kiparsky,٢٠٠٤: ١١٣) .
پرۆسەی بلۆککردن لەیاساکانی وشەداڕشتن دا بەتەنها لە مۆرفۆلۆجیی دا نییە، بەڵکو لە بواری(سیمانتیکیی، مۆرفۆلۆجیی-سیمانتیکیی، مۆرفۆلۆجیی، مۆرفۆلۆجیی -فۆنۆلۆجیی، فۆنۆلۆجیی) دایە، وەک بەستنەوەیەک/ پابەندبوونێکن لەناو یاساکانی وشە داڕشتن/ڕۆناندا. لە زمانی کوردیی دا بۆ نموونە:

[[ چاو]ناو + [پرتەقاڵی]هاوەڵناو] ⊗⟵ بلۆککردنی سیمانتیکیی

[[نەوزاد]ناو +-ەکە] ⊗⟵ بلۆککردنی مۆرفۆلۆجیی_سیمانتیکیی(لیمۆ محمود تۆفیق،٢٠١٢:٩٣ ١٠٥)

[[[[کورد ]ناو + -ایەتی]وشەی ئەرکی + -انە]وشەی ئەرکی + -یی ]وشەی ئەرکی ⊗⟵ بلۆککردنی مۆرفۆلۆجیی

[[مەلە]ناو + -ەوان وشەی ئەرکی] ⊗ بلۆککردنی فۆنۆلۆجیی(دووبزوێن بەدوای یەکدا نایەت لە بوارێکی دارشتنیی دا، لە زمانی کوردیی دا) . لە زۆربەی لێکۆڵینەوە مۆرفۆلۆجییەکانی زمانی کوردیی دا ئاماژە دراوە بە رێگرییەکانی یاساکان بەڵام لە ژێر ناو و زاراوەی جیاوازدا.

پێویستە ئاماژە بدرێت بەوەی کە لێرەدا مەبەست لە [وشەی ئەرکی سینتاکسی] نییە بەڵکو مەبەست لە [وشەی ئەرکییە لە رووی دروستەی فۆنۆلۆجییەوە ] کە (Selkirk,١٩٩٦ : ١٨٧) لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (دروستەی پرۆسۆدیکی وشەئەرکییەکان لە (Selkirk, E. O. (١٩٩٦), و (KOBY Shwayder,٢٠١٣: ١٣-١٩) )بەپشت بەستن بەچەندین سەرچاوەی پێش خۆیان بەکارییان هێناوە.

## ٢/١ ئاست رێکخستن level ordered و سووڕیی cyclicity

١-٢/١ ژینگەی دارشتنderived domain :

ژینگەی دارشتن و رۆنان کاتێک دەخوڵقێت کە دانە فەرهەنگییەکە بەیەکێک لە پرۆسە دارشتنییە فۆنۆلۆجییەکانی وەک ئاستی سفردا zero derivation، یان بە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی وشە رۆنان دا بڕوات، لە فەرهەنگ دا. کەواتە ئاستەکانی فەرهەنگ یان ئاستە رێکخراوە فەرهەنگییەکان بواری بەکارهێنانی یاسا فۆنۆلۆجیی و مۆرفۆلۆجییەکان دەنوێنن، یان وەک بواری بەکارهێنانی یاسا فۆنۆلۆجیی و مۆرفۆلۆجییەکان، بەکاردێن (Giegeich,١٩٩٩: ١٣٠). بۆ نموونە وەک لە وشەکانی [بەهێز، بەرێز، دووربین(سیفەتی کەسێک)، ..]هاوەڵناون هێزدانان تیاندا سەرەتاگرییە و ریتمی ترۆکێکییان هەیە چونکە لە دوو برگە پێکهاتوون، بەڵام گەر وەک ناو بەکارهاتن ، هێزدانان تیاندا دەبێتە کۆتاگری و ریتمی ئایامبیکییان دەبێت، لەمبارەدا تەنها گۆرانی شوێنی هێزی ریتمییان لەسەرەتاگرییە بۆ کۆتاگری ، بووە هۆی گۆرانی پۆلە کەتیگۆریەکەیان، بەم پرۆسەیەش دەوترێت ئاستی دارشتنی سفر.] و هەریەکە لە بابەتەکانی: [ریتمی ترۆکێکی، ریتمی ئایامبیکی، هێزی سەرەتاگری ، هێزی کۆتاگری ، هێزی ریتمی] لە توێژینەوەیەکی تردا ئاماژەیان پێدراوە

### ٢-٢/١ ئاستەکان levels:

کیپارسکی (Kiparsky,١٩٨٢a,b)زاراوەی Level و هاڵی و موهونان (Halle& Mohanan, ١٩٨٥: ٥٨) زاراوەی strata یان بەکار هێناوە لەگەڵ زاراوەکانی ، layer، stratumیش لە لایەن لێکۆڵەرانی ترەوە، بەرامبەر بەزاراوەی (چین)یان (ئاست) لەم تێزەدا.

ئاستەکان یاخود چینەکان وەک وەچەسیستەم subsystem یان وەک مۆدول هەژمار دەکرێن، کە هەر وەچەسیستەمێک تەرخانکراوە بۆ ئەرکەکانی task خۆی، وەک یەکەیەکی کار unit of work کە دەرکردەکە دەردەکات و پێشکەش بە وەچە مۆدولی داهاتووی دەکات، واتە پێشکەش بەئاستی دووەم یان ئاستی دواتری دەکات.

ئەرک task: بریتین لە یاساکانی چارەسەرکردنprossess in rule بۆ رۆنانی وشەکان لە سێتێک مۆرفیم دا کە لاگرەکان، قەدەکانstem دەگرێتەوە، کە یاسا مۆرفۆلۆجییەکانیان بۆ بەکاردێن و بەسەریان دا جێبەجێ دەکرێن.(Kelli Wiseth, ٢٠١٣:٨)

### ٣-٢/١ ڕێکخستنی ئاستەکان level ordered:

تێروانینــی بنەڕەتــی ئاسترێکخســتنی مۆرفۆلۆجیــی ئەوەیکــە پرۆســەکانی دارشــتن و گەردانکردن/شــکانەوە لــە زمانێــک دا، دەتوانرێــت لــە زنجیرەیــەک ئاســت دا ڕێکبخرێــت، لــە فەرهەنــگ دا.


هــەر ئاســتێک پەیوەســتە بــە ســێتێک یاســای فۆنۆلۆجییــەوە، بــۆ هەریەکێکیــان بــواری بەکارهێنانەکەیــان پێناســە دەکات. هەروەهــا ڕێکخســتنی ئاســتەکان پێناســەی ڕێکخســتنی ئەگەرییانــەی پرۆســە مۆرفۆلۆجییــەکان لــە وشــە ڕۆنــان دا دەکات(Kiparsky,١٩٨٢a: ١٣١). لــەم بــۆ چوونــەی کیپارســکییەوە ئــەوە دەردەکەوێــت کــە یاســاکانی وشــە ڕۆنان(دارشــتن، شــکانەوە، لێکــدان) لــە فەرهەنــگ دا جێبەجــێ دەکرێــن، لەگــەڵ یاســا فۆنۆلۆجییەجیــاوازەکان و بەســتنەوە وســنووردارکردنەکان کــە لەنــاو ئــەو ئاســتە جیاوازانــەی فەرهەنــگ دان.(Car,٢٠٠٨: ٩٠) لــە (NidhamSheet,٢٠١٩: ٢١٧). هەرچەنــدە بۆچوونــی جیــاواز هەیــە دەربــارەی ئــەوەی کــە ئایــا گشــت یاســاکانی وشــەڕۆنان و پرۆســە مۆرفۆلۆجییــەکان دەکەونــە فەرهەنگــەوە؟ بۆچوونــی یەکــەم(Rubach ,٢٠٠٨:٤٥٦)وای دادەنێــت گشــت پرۆســەکانی وشــەڕۆنان دەکەوێتــە فەرهەنگــەوە بــە پرۆســەکانی شکانەوەشــەوەinflection، هەروەهــا کاتامبــاش(Katamba, ١٩٩٦:٢٥٧) هەمــان بــۆ چوونــی هەیــە، بۆچوونەکانــی تریــش بــە گشــتی وای دادەنێــن کــە بەشــێکیان دەکەونــە فەرهەنگــەوە وەک پرۆســەکانی دارشــتن، پرۆســەکانی شــکانەوەش دەکەونــە دەرەوەی فەرهەنگــەوە.

### ٤-٢/١ سوورێتیی cyclicity:

فەرهەنــگ لــە چینــەکان پێکدێــت، چینەکانیــش لەچەنــد وەچەلقێکــی یاســاکانی وشــە ڕۆنــان پێکدێــت، واتــە لــە چەنــد پرۆســەیەکی مۆرفۆلۆجیــی و فۆنۆلۆجیــی دارشــتنیی وەک دارشــتن و لێکــدان و شــکانەوە پێکدێــت، دەبنــە( بــواری ڕۆنان/ژینگــەی دارشــتن)ی خوڵقــاو بــۆ یاســا فۆنۆلۆجییــە فەرهەنگییــەکان. کــە لــە ڕێگــەی یاســا مۆرفۆلۆجیی و فۆنۆلۆجییــە پێشــووترەکانەوە جێبەجــێ دەکرێــن. کیپارســکی دەربــارەی ئــەم یاســا فۆنۆلۆجییــە فەرهەنگییانــە دەڵێــت (یاســا فۆنۆلۆجییەکانــی فەرهەنــگ ســوورپین لەبــەر ئــەوەی دووبــارە لــە دوای هــەر هەنگاوێکــی وشــەڕۆنان لــە ئاســتە مۆرفۆلۆجییەکــەی خۆیــان دا جێبەجــێ دەکرێنــەوە ( Kiparsky,١٩٨٢a: ١٣١)). پرەنســیپی مەرجــی ســووڕیی تونــد SCC دڵنیایــی دەدات لــەوەی کــە یاســا فۆنۆلۆجییــەکان تەنهــا بــۆ یــەک ئاســت جێبەجــێ دەکرێــن، ئــەوەش دەبێتــە هــۆی ئــەوەی دەرکردەی/بەرهەمــی یاســاکانی وشــەڕۆنان لــە ئاســتێک دا ناکەوێتــە ژێرڕکێفــی یاســا فۆنۆلۆجییەکانــی تــری ئاســتی دواتــر. کیپارســکی دەڵێــت (دەرکــردەی output هــەر پرۆســەیەکی وشــە ڕۆنــان دەخرێتــە ژێــر ڕکێفــی یاســا فۆنۆلۆجییەکانــی ئاســتەکەی خۆیــەوە، لەنــاو خــودی فەرهەنــگ دا ( Kiparsky,١٩٨٢a: ١٣١)). دەرکــردەی output هــەر پرۆســەیەکی مۆرفۆلۆجیــی بەیاســا فۆنۆلۆجییەکانــی ئــەو ئاســتەدا تێدەپەڕێتــەوە و دەگەڕێتــەوە پیایــان دا، ئەمــە ســوورێتی لــە مۆدیلەکــەدا بنیــاد دەنێــت کــە ڕێگــە بــە هاوتەریببــوون و دامەزراندنــی دروســتە مۆرفۆلۆجیــی و فۆنۆلۆجییــەکان دەدات (NidhamSheet,٢٠١٩: ٢١٨)). ڕووبــاک(Rubach, ١٩٨٤: ١٨-١٩) بــە هێڵکارییــەک جێبەجێکردنــی یاســا فۆنۆلۆجییەسووڕیەکان لــە بەبەرهەمــی یاســاکانی وشــەڕۆنان دا دەخاتــەڕوو، دەڵێت(یاسافۆنۆلۆجییە ســوڕییەکان لەفەرهەنگدا جێبەجــێ دەکرێــن بــەڵام دوای ئــەوەی کــە وشــەکان پێکهێــنران و کەوانــە مۆرفۆلۆجییەکانیــان بــۆ دادەنرێــن بــە شــێوەی ســووڕییانە، بەهــۆی نەریتەکانــەوە) :

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Cyclic 1 | R | | | | | | |
| Cyclic 2 | R+X | → [ [R] X] | Rule A | Rule B | Rule C | → WFR 1 |
| Cyclic 3 | R+X+Y | → [ [ [R] X] Y] | Rule A | Rule B | Rule C | → WFR 2 |
| Cyclic 4 | R+X+Y+Z | → [[[ [R] X] Y]Z] | Rule A | Rule B | Rule C | → WFR 3 |

کیپارسکی لە (a,b ١٩٨٢,Kiparsky) دا وای دادەنێت کە فەرهەنگ لە دوو ئاستی سەرەکی دروست بووە بە level ١, level ٢ دایان دەنێت، دەڵێت(تیۆرواینی بنەڕەتی ئاست ڕێکخستنی مۆرفۆلۆجیی ئەوەیە کە دارشتنderivation و شکانەوەinflection لە زمانێک دا، دەتوانرێت لە زنجیرەیەک ئاستدا ڕێکبخرێت. هەر ئاستێکیش پەیوەستە بە سێتێک یاسای فۆنۆلۆجییەوە کە ئاستەکە بواری بەکارهێنان بۆ هەر یەکێک لەو یاسا فۆنۆلۆجییانە پێناسە دەکات)( Kiparsky,١٩٨٢a: ١٣١ و Kiparsky,١٩٨٢b:٣-٥). ئاماژە دەدات بەوەی کە یاسا فەرهەنگییەکان سووڕیین و یاسا دوافەرهەنگییەکان ناسووڕینnon-cyclic rule کە ((ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانەی کە پاش پێکەوەبەستنی وشەکان لە ڕستەکان دا لە ئاستی سینتاکس دا جێبەجێدەکرێن)) دەگرێتەوە(Kiparsky,١٩٨٢a: ١٣١-١٣٢, b ٣-٤) . بەم شیوەیە کەلە هێڵکارییەکەدا خراوەتە ڕوو:




هێڵکاری (٣)دیاریکردنی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆنان لە ئاستەکانی فەرهەنگ و دوا فەرهەنگدا لە زمانی ئینگلیزیدا(Kiparsky,١٩٨٢a:٢ ).

کیپارسکی فەرهەنگ بەچەند ئاستێک دیاری دەکات، پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکانی داڕشتنderivation و شکانەوە inflection دەخاتە ئەو ئاستانەوە، جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکانیش بە شێوازی سووڕیی دادەنێت، یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکانیش بە شێوازی ناسووڕیی non-cyclic دادەنێت کە جێبەجێکردنیان تەنها بۆ یەکجارەو دووبارە بوونەوەی نییە بە شێوازی سووڕیی. دواتر بەوردی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی وشە ڕۆنان دیاری دەکات بەوەی پێشبینیی (پەیوەندی نێوان ڕادەی بەقووەتی بەستنەوەboundary و ڕێکخستنی لاگرەکان دەکات)( Kiparsky,١٩٨٢a: ١٣٩).

بۆچوونی بوویج و ڕووباک (Booij & Rubach ,١٩٨٤: ١)، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە هەریەکە لە زمانەکانی هۆڵەندیDutch و پۆڵەندیPolish، تێبینی ئەوەیان کرد کە بەکارهێنان و جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بە شێوازی سووڕیی تەنها لە ناو پرۆسەکانی وشەڕۆنان دا ولە ژینگەکانی داڕشتن دا، لە ئاستەکانی فەرهەنگ

دا جێبەجێناکرێت، بەڵکو سووڕێتی/سووڕیی لە وەرگرتنی فۆرمی فۆنۆلۆجییانەی بنچینەیی وشەشدا لە ئاستی قووڵ دا جێبەجێ دەکرێت، بە دوو شێواز:

١-کاتێک ڕاستاندنی فۆنەتیکیی بۆ فۆرمی بنچینەیی ئەو دانە فەرهەنگییە دانەرێژراوانە underived lexical formدەکرێت لە بوارێکی نادارشتنیی دا، لەمبارەدا جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بەهۆی مەرجی هاوسێیەتی توند لە نێوان کەرتە پێکهێنەرەکانی ڕەگەکەدا بەشێوەی سووڕیی دەبێت بۆ ئەو دانە فەرهەنگییە دانەرێژراوە.

٢- کاتێک ڕاستاندنی فۆنەتیکیی بۆ فۆرمی بنچینەیی ئەو دانە فەرهەنگییە دانەرێژراوانە underived lexical formدەکرێت لە بوارەکانی ڕۆنانیی /دارشتنیی دا لە ئاستەکان دا، لەمبارەدا جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان بەشێوازی دواسووڕییpost-cyclic دەبێت بۆ ئەو دانە فەرهەنگییە دارێژراوانە. کە ئەمە خاڵی جیاوازییانە لەگەڵ بۆچوونەکەی کیپارسکی دا.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاستێکی تری(سووڕییcyclic) لە سەرووی ئاستەکانی دارشتنەوە هەیە لە فەرهەنگ دا، ئاستەکانی وشەڕۆنانیش دەبنە ئاستی دواسووڕییpost-cyclic . بە بەڵگەی ئەوەی لە زمانی هۆڵەندیی دا یاسای کپکردنی دەنگە گڕەکان هەیە بۆ دەنگی کۆتایی بڕگە وەک :


-[helt/→ underived lexical form [held/

دەنگی/د/ کپکراوە بۆ دەنگی /ت/ ئەم یاسایە بۆ سەرجەم دانە فەرهەنگیەکان بە شێوازی سووڕیی جێبەجێ دەکرێت لەو زمانەدا نەک لە زمانی کوردیی دا، بەڵام لە پرۆسەکانی وشەڕۆناندا لە ئاستەکانی فەرهەنگدا جێبەجێ ناکرێت، وەک لە :

. -[ [helden/→ held]+ -en/

کەواتە هێڵکاری ئاستەکانی فەرهەنگ بۆ ئەو جۆرە زمانانە بەم شێوەیەی لێ دێت:

ئاستی دوافەرهەنگ




هێڵکاری(٤) نواندی ئاستە سووڕیی و دواسووڕییەکانی فەرهەنگ لای (Rubach ,١٩٨٥: ١٦٠)

هاڵی و موهەنان (Halle& Mohanan, ١٩٨٥:٥٨)،چوار ئاستی ڕێکخستنیان بۆ مۆدولی فەرهەنگ دیاری کردووە، کە تیایدا ئاماژە دەدەن بەوەی کە دەکرێت چینەکان لە ئاستەکانی فەرهەنگ دا سووڕیی cyclic یان ناسووڕیی non-cyclic بن، لەمەدا لە کیپارسکی جیاوازن، خاڵێکی تر کە جیایان دەکاتەوە لە دوو بۆچوونەکانی پێشوو ئەوەیە کە نەخشەسازی یاساکان لە ئاستەکان دا لووپ لە خۆدەگرێت، بڕوانە

(پرەنسیپی لووپ لە ڕێکخستنی چینەکاندا) .
هەریەکە لە بۆ چوونەکانی ١٩٩٦,KATAMBA, F و ١٩٨٥,Kasse&Shawیە، تێڕوانینی کیپارسکی بە شیاو دەزانن لەوەدا کە یاسا فۆنۆلۆجییەکان بۆ دوو مۆدولی فەرهەنگ و دوافەرهەنگ دابەش دەکات. بەکارهێنانەکەی هاڵی و موهەنانیش Halle& Mohanan بە شیاو دەزانن لە ڕووی هەبوونی نەخشەسازی لووپ/قوڵفە بۆ ڕێکخستنی ئاستەکان و هەبوونی چوارچێن لەناو ئاستی فەرهەنگ دا.

## ٣/١ ئاست ڕێکخستن و سووڕیی لە زمانی کوردیی دا:

خاڵی گرنگ لە دیاریکردنی ئاستەفەرهەنگییەکاندا ئەوەیە کە ماکماهۆن ئاماژەی پێدەکات کە جیاوازی ئاستەکان بە هۆی هۆکاری فۆنۆلۆجییەوەیە.( McMahon, ٢٠٠٠:٦٠). هۆکاری فۆنۆلۆجییش مەبەست لێی پێواژۆ فۆنۆلۆجییەکانە بە گشتی (کە یاسافۆنۆلۆجییە مۆرفۆفۆنەمیکیی و یاسافۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکان دەگرێتەوە و بەتایبەتی تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک :شوێنی هێز و هێز دانان، هارمۆنی دەنگی بزوێن، تۆن ئەگەر زمانەکە تۆنی بێت، تایبەتمەندیی دروستبوون و لێک هەڵوەشانەوەی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکانە، کە : مۆراو و بڕگە و (پێ) و وشەی فۆنۆلۆجیی دەگرێتەوە لە ئاستی فەرهەنگ دا. لە ئاستی دوافەرهەنگیشدا فرێزی فۆنۆلۆجیی و فرێزی ئاوازەیی، دەربڕاوەکان دەگرێتەوە. لەبەرامبەر دروستە مۆرفۆلۆجییەکان لە فەرهەنگ دا و دروستە سینتاکسییەکانە لە ئاستی دوافەرهەنگ دا.
لە لێکۆڵینەوەکان دا لە کوردیی دا، تا ئێستا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە بەکارهێنانی بنەماگشتییەکانی یاسا فەرهەنگی و دوافەرهەنگییەکان نەدراوە، زاراوەکانی ناو تۆرییەکە لە توێژینەوەکان دا بەکار نەهێنراون سەرەڕای هەبوونی چەندین توێژینەوە لە بواری مۆرفۆفۆنەمیکی و پەیوەندی فۆنۆلۆجیی ئاستەکان .
دیاریکردنی ئاستەکانی داڕشتن کە لەسەربنەمای تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجییەکان بنیاددەنرێت لە فەرهەنگیی زمانی کوردیی دا، لە هیچکام لە سەرچاوە مۆرفۆلۆجییە فەرهەنگیی و مۆرفۆ-فۆنۆلۆجییەکان دا، لەو لێکۆڵینەوانەشدا باس نەکراوە کە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لێکۆڵینەوەکەیان بە پێی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیی و دوافەرهەنگییە، لە (بازیان یونس محێدین(٢٠١٣)،عەبدوڵا حوسێن ڕسول(٢٠١٣)،پێشڕەوساڵەح عەلی(٢٠١٥)، صالح عبدللە بابکر(٢٠١٦)،دڵشاد محمەد غەریب (٢٠١٩))دا....،

## ١-٣/١ سووڕیی و ناسووڕیی لە زمانی کوردیی دا:

### ١-١-٣/١چەمکی سووڕیی:

سووڕیی/سوڕێتی سەرەتا لەتیۆری فۆنۆلۆجیی سووڕیی داCyclic phonolocgy ئاماژەی پێدراوە لە لایەن (Mascaro١٩٧٦) دواتریش لە لایەن کپارسکی(١٩٨٢a,b Kiparsky)وەک یەکێک لە بنەمانی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیی لە ئاستی فەرهەنگ دا دانراوە، کە بریتییە لە کۆمەڵێک بنەما وپرەنسیپ، یان دەکرێ وەک بنەما پێوەری و مۆدولارەکان دابنرێت(١٩٩٧:٩٧,Parmod pandy-١٠٠) کە بریتین لە (تایبەتمەندێتییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی تایبەت بەزمانێک)لەگەڵ تایبەتمەندیی نواندی ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانە، کە هەردووکیان پێکەوە بە پێواژۆ فۆنۆلۆجییەکانی زمانێکی دیاریکراو ناسراون، جێبەجێکردنی ئەم یاسا فۆنۆلۆجییانەو نواندنیان لە فەرهەنگی زمانەکەدا و لەکاتی داڕشتنە مۆرفۆلۆجییەکان دا، بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک بنەما، کە

بە نەریتەکان ناسراون لەگەڵ کۆمەڵێک لە بەستنەوەکاندا(بڕوانە بابەتەکانی پێشەوە، هەروەها(Kiparsky ١٩٨٢a,b))، وەک (نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان، مەرجی توندی سووڕیی ، بنەمای پاراستنی دروستە، گریمانەی بواری بەهێز(Kiparsky ١٩٨٤, ١٩٨٦)، بلۆککردن(Kiparsky,٢٠٠٤))، پێکەوە، بە شێوەی بازنەییانە یاخود سوڕییانە جێبەجێدەکرێن لە ژینگەکانی دارشتندا(Rubach,١٩٨٥) بەڵام شێوازێکی یەک لەدوای یەکییان هەیە، وەک ئەوەی سەرەتا بە نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان دەستپێدەکات، ئینجا پاش سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییە ناوەکییەکان مەرجی توندی سووڕیی کارا دەبێت، کارابوونی ئەم مەرجەش دەبێت بە هۆی پاراستنی دروستەی مۆرفۆلۆجیی و فۆنۆلۆجیی پێکهاتەکە (مەرجی پاراستنی دروستە(، هەتا جۆری کەرتە دەنگییە پێکهێنەرەکانی دانە فەرهەنگییەکە و ڕیزبەندیان تێک نەچێت و نەگۆڕدرێت، بەهۆی ئەوەشەوە گریمانەی بواری بەهێز دێتە ئاراوە، پرۆسەی دارشتنەکە یان لێکدانەکە بەپێی یاسا بنەڕەتیە فۆنۆلۆجییەکان هاوشان بە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی زمانەکە بەڕێوە دەچێت. تەواوی پرۆسەکەش لە هەموو بارێکی دارشتن یاخود لێکدان دا لەو ئاستەدا بۆ سەرجەم ئەو دانانەی کە بەو یاسا مۆرفۆلۆجییەی دارشتن ڕۆدەنرێن، دووبارە دەبێتەوە بە شێوەی سووڕیی/بازنەیی، ئەمە سوڕێتی دەگەیەنێت. هەروەها پرۆسەی هێزدانانن و بڕگەکردن و پێ پێ کردنیش بۆ دانە فەرهەنگییەکان بە هەمان پرۆسەی سووڕیی و ناسووڕیی دا تێدەپەڕن.

## ٢-١-٣/١سووڕێتیی لە ئاستەکانی دارشتن دا:

لێرەدا هەوڵدەدرێت ڕاستاندنی ئەوە بکرێت کە ئایا یاسا فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی سووڕیی جێبەجێ دەکرێن، لە زۆربەی ئاستەکانی دارشتن دا، لەفەرهەنگی زمانی کوردیی دا؟، بۆنموونە ژینگەی دارشتنی خێزانی وشەی [دار] و خێزانی وشەی هاوەڵناویی بە پاشگری [-ئاو] وەردەگیرێت:

- [[دار]ناو١/وشەی فۆنۆلۆجیی + -ستان وشەی ئەرکیی]⟵ [نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان Bracet Erasure Convention BEC+مەرجی سووڕیی توند SCC Strict Cycle Codition+بنەمای پاراستنی دروستە PSP Principle of Structure Preservation + گریمانەی بواری بەهێز SDH Strong Domain Hypothesis]⟵[دارستان]ناو هیچ پرەنسیپێکی بلۆککردن Blocking نییە، دەکرێت بە کورتی بەم شێوەیە دەربڕرێت:

-[[دار]ناو١/وشەی فۆنۆلۆجیی+ -ستان وشەی ئەرکیی] ⟵سووڕیی[BEC+SCC+PSP+SDH]⟵[دارستان] ناو /وشەی فۆنۆلۆجییهیچ پرەنسیپێکی بلۆککردن نییە

-[[دار]ناو١/وشەی فۆنۆلۆجیی +-ەوان وشەی ئەرکیی]⟵سووڕیی[BEC+SCC+PSP+SDH]⟵[دارەوان]ناو/ وشەی فۆنۆلۆجیی هیچ پرەنسیپێکی بلۆککردن نییە

-[[دار]ناو١/وشەی فۆنۆلۆجیی+-ین وشەی ئەرکیی]⟵سووڕیی[BEC+SCC+PSP+SDH]⟵[دارین]هاوەڵناو /وشەی فۆنۆلۆجیی هیچ پرەنسیپێکی بلۆککردن نییە

-[[دار]ناو١/وشەی فۆنۆلۆجیی +-ا وشەی ئەرکیی]⟵سووڕیی[BEC+SCC+PSP+SDH]⟵[دارا]هاوەڵناو/ وشەی فۆنۆلۆجیی هیچ پرەنسیپێکی بلۆککردن نییە

بەو شێوەیەی ئاماژەی پێدرا، ئەگەر لادان هەبوو، پرەنسیپی بلۆککردن دێت ئاراوە، بۆ نموونە لە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆجیی لێکدان دا:

[[گوڵ]نـاو/ وشـەی فۆنۆلۆجیـی + [ئـاو] نـاو/ وشـەی فۆنۆلۆجیـی ]⟵ [نەریتـی سـڕینەوەی کەوانـەکان BEC+مەرجـی سـووڕیی توندSCC+بنەمـای پاراسـتنی دروسـتەPSP+ گریمانـەی بـواری بەهێـزSDH] ⟵ فۆنۆلۆجیـی و ئاسـتی مۆرفۆلۆجیـی ⟵[گوڵئـاو]⊗بنەمـای بلۆککـردنB بـۆ هاتنـی دەنگی/ئ/لەوێـدا،] زانیـاری دەدەن بـە یاسا فۆنۆلۆجییەکـە بـەوەی کـە دەنگـی /ئ/ دەبێـت لەوێـدا لابرێـت، لەنـاو پێکهاتـەی مۆرفۆلۆجیـی و پێکهاتـەی فۆنۆلۆجیی/بڕگەیـی وشـەکەدا ↪ گەڕانـەوە بۆچارەسـەرکردنProcess ⟵ [گوڵاو]نـاو/ وشـەی فۆنۆلۆجـی ، ئـەم بەسـتنەوەیە/پابەند کردنـی لابردنـی دەنگـی /ئ/ بـە شـێوەی دووبارەبوونەوەیـی لـە هەمـان ئاسـتی داڕشـتنیی دا، لەبـەر ئـەوە دەبێـت یاسـایەکی فۆنۆلۆجیـی سـووڕیی. کـە دەکرێـت بـەم هێڵکارییـە بنوێنرێـت:

[[گوڵ]ناو + ئاو]⟵[SDH+PSP+SCC+BEC]⟵[گوڵئاو]⃠[B] ↪چارەسەرکردن[لابردنی/ئ/]⟵[گوڵاو]ناو

هێڵـکاری(٥) نواندنـی سـووڕێتیی لـە یەکێـک لـە ژینگەکانـی داڕشـتن دا(لـە ژینگـەی داڕشـتنی [گـوڵاو]دا)

بـەم شـێوەیە وەک بینرا سـووڕێتییەک cyclicity لـە جێبەجێکردنـی یاسـا فۆنۆلۆجییەکـەدا هاوشـان لەگـەڵ پرۆسـە مۆرفۆلۆجییەکـەدا لـە بـواری ڕۆنانەکـەدا ، لە ئاستە فەرهەنگییـەکادا جێبەجێ دەکرێت. ئەم زانیاریـە فۆنۆلۆجییەی لابردنـی/ئ/، وەک یاسـایەکی فۆنۆلۆجـی فەرهەنگـی زمانـی کوردییـە بـۆ دەرکـردە نوێیـەکان کـە لەگـەڵ [ئـاو] ناو/ وشـەی فۆنۆلۆجیـی لێکدەدرێـن بـۆ ڕۆنانـی نـاوی لێکـدراو، ئەمـەش بـە شـێوەیەکی سـووڕیی لـە هەمـان بـواری ڕۆنـان دا بـۆ دانەکانـی تـر دووبـارە دەبێتـەوە، وەک لـە [قـوڕاو، ماسـتاو، شـەربەتاو(چیمەنتۆگرتنەوە)،چڵکاو، زاخاو(شـتنەوەی ئاڵتـوون)،... ].دا.

بەڵام لە:

[[خوێ]ناو/ وشەی فۆنۆلۆجیی +[ئاو] ناو/ وشەی فۆنۆلۆجیی] دا:

لەبـەر ئـەوەی دانـە فەرهەنگییەکە[خـوێ] بـە دەنگـی بزوێـن کۆتایـی هاتـووە، ئـەوا یاسـاکە پـاش بنەمـای بلۆککردنـی هاتنـی دەنگـی/ئ/ توشـی بەنەمایەکـی تـری بلۆکـکـردن دەبێتـەوە کـە هاتنـی دوو دەنگـی بزوێنـە بـەدوای یەکـدا، لەمبـارەدا دەبێـت پرۆسـەی چارەسـەکردنەکە دوو پرۆسـەی بچووکـتر لەخـۆ بگرێـت یەکـەم: لابردنـی /ئ/ دووەم: دانانـی یەکێـک لـە دەنگـە فیلەرەکان/ناوبەنـدەکان لەجێیـی ئـەو دا، لەمبـارەدا دووجـار سـووڕێتی لـە ژینگـەی داڕشـتنەکەدا دووبـارە دەبێتـەوە، بـەم شـێوەیە:

[[خوێ]نـاو١/ وشـەی فۆنۆلۆجیـی + ئاو]]⟵[BEC]⟵[خوێئاو]نابێـت ⃠[B] ↪چارەسـەرکردن[لابردنی/ئ/]⟵[خـوێ او]نـاو ⃠[B] ↪ چارەسـەرکردن [SCC+ SDH+ PSP] ⟵[خوێیاو]نـاو٢ ،هەروەهـا دروسـتەی پێوانەییەکەشـی لـە یـەک بڕگـەوە بـووە بـە دوو بڕگـە، (پـێ)ی ئایامبیکیـی بەرهـەم هاتـووە، شـوێنی هێزیـش گواسـتراوەتەوە بـۆ سـەر بزوێنـی بڕگـەی کۆتایـی، ئـەوەش هـەر گۆڕانکارییەکـی سـووڕییە لـە دروسـتە پێوانەییەکەیـی دا.

پێویسـتە ئامـاژە بدرێـت بـەوەی کـە وشـەی [ئـاو] نـاو/ وشـەی فۆنۆلۆجیـی جیـاوازە لـە بـە پاشـگری [-اوی] وشـەی ئەرکـی کـە لـە ژینگـەی ڕۆنانـی [[خۆڵ]نـاو + -اوی] دا هاوەڵنـاوی [خۆڵاوی]هاوەڵنـاو/ وشـەی فۆنۆلۆجـی

دادەڕێژرێت، بەڵگەش بۆ ئەوە ناکرێت لە [[خۆڵ] ناو + ئاو]* ەوە داڕێژرابێت، پاشان بووبێت بە[[خۆڵاو]+ -ی]⟵ [خۆڵاوی]هاوەڵناو، هەروەها بۆ هەریەکە لە [خەماوی، گڕاوی، تەماوی، تۆزاوی،....] هەمان شێوەیە، کەواتە لەڕووی دروستەوە و لەڕووی واتاشەوە دوو پاشگری لەیەکجیاوازن، لە ئێستادا، بەڵام ڕەنگە بنچینەیەکی هاوبەشی دیاکرۆنیکییان هەبووبێت.(پ.د. فەرەیدوون عەبدول ٢٠٢٣: چاوپێکەوتن).

هەروەک لە بنەما گشتییەکانی تیۆرییەکە دا ئاماژەی پێدرا، بۆ دانە داڕژراو و لێکدراوە نوێیەکان مەرجی سووڕیی توند کارا دەبێتەوە، کە تیایدا یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان لەم دانە نوێیانەدا پێکەوە جێبەجێ دەکرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی دروستە نوێیەکەی و دووبارە چەسپاندنەوەی کەوانەی مۆرفۆلۆجیی بۆیان، دانەیەکی جێگیری مۆرفۆلۆجیی بەرهەمدێت گەر بوارەکانی بە لێکسیم بوونیان بۆ ڕەخسا دەبنە دانەیەکی فەرهەنگیی جێگیر، ئەم پێڕەوە بۆ دروستەی فۆنۆلۆجییش بەهەمان شێوەیە.

هەروەها لە ژینگە ڕۆنانییەکانی تری لێکدانیشدا بە هەمان شێوە جێبەجێ کردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان دەکرێت بە شێوەی سووڕیی جێبەجێ بکرێن سەرەڕای هەبوونی پرۆسەی بلۆککردن وەک لە پرۆسەکانی هێزدانانەوە دا بۆ دەرکردە بەرهەمهاتووەنوێەکان لەو ژینگەیە دا . بەپێی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردیی لە کردەی فۆنەتاکیک دا، وەک: لە [دارگوێز] دا بەشێوەی سووڕییەو بەبێ بنەمای بلۆککردن، بەم شێوەیە: [[دار]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی + [گوێز]ناو]⟵سووڕیی[BEC+SCC+PSP+SDH]⟵[دارگوێز]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی هیچ پرەنسیپێکی بلۆککردن نییە.لە ڕووی دروستەی فۆنۆلۆجییەوە،دوای پرۆسەی داڕشتن هێزی سەر وشەکان، لادەچێت، لەبەر ئەوەی (ناو)ێکی دوو بڕگەیی بەرهەم دێت، یەک هێزی سەرەکی دەبێت و دەکەوێتەسەر بزوێنی بڕگەی کۆتاییەوە، یەک (پێ)ی ئایامبیکیی بەرهەم دێت: [[دار]+ [گوێ ز]]⟵ [دارگوێ ز]⟵ [ **cvc.ccv́c**] ⟵[**σσ́**] ⟵ [**Σ**. هەروەها بۆ [گەڵامێو]ناو یش بەهەمان شێوەیە، بەڵام (پێ)ی ئەناپست بەرهەمدێت.

**هەڵێنجان:** کەواتە لە ئاستی فەرهەنگ دا ولە ژینگەکانی داڕشتن و لێکداندا دا بۆ هەمان ژینگەی داڕشتن، یاسا مۆرفۆلۆجیی و فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی سووڕیی بۆ بنچینەکە و بۆ پاشگرەکە یان بۆ هەردوو کەرتە مۆرفۆلۆجییەکەی پێکهێنەری وشە لێکدراوەکەش جێبەجێ دەکرێن، وشەی فەرهەنگی L-Word بەرهەمدێنن، کەواتە دەکرێت جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان سووڕیین لەهەمان ئاست دا.

### ٣/١-١-٣چەمکی ناسووڕیی non-cyclic :

ناسووڕیی یان ناسووڕێتیnon-cyclicity، هەروەک لە سووڕیی دا ئاماژەی پێدرا ئەگەر هاتوو لە ژینگەکانی داڕشتن دا پاش ئەوەی نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییە ناوەکییەکان کارابوو، بەڵام جێبەجێ کردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکە بەشێوەی بازنەیی/سووڕیی دووبارە بوونەوەیی نەبوو بۆ پێکهێنەرەبنچینەییە دەنگییەکانی دانە فەرهەنگییەکە، ئەوا بنەمای پاراستنی دروستە لە کار دەکەوێت ئەوەش دەبێت هۆی وەستاندنی گریمانەی بەهێزیی بوارەکە/(گریمانەی بواری بەهێز)، دەرئەنجامی ئەوەش دانە فەرهەنگییە بەرهەمهاتووەکە/دەرکردە بەرهەمهاتووەکە لەهەر بارێکی ڕۆنان دا و لە بوارە جیاوازەکانی تری ڕۆنان دا، هەمان فۆڕمی دروستەی جێگیری نابێت و فۆڕمی فۆنەتیکیشی بە جێگیری نامێنێتەوە، ئەوەش دەبێتە

هـۆی هەبوونـی چەنـد فۆرمێکـی جیـاوازی فۆنەتیکیـی، کـە لـە فۆرمـە فۆنۆلۆجیـی و پرۆسـۆدیکییە فەرهەنگییـە جیاوازەکانـی ئـەو دانـە فەرهەنگییـەدا دەبینرێتـەوە، وەک لـە نموونەکانـی ناسـووڕیی لـە وشـە فەرهەنگییـەکان وپارادایمەکانـی کـردا ئامـاژەی پێـدراوە.

## ٤-١-٣/١ ناسووڕێتی non-cyclicity لە ئاستەکانی داڕشتن دا:

لەپێشـتردا ئامـاژە بـە چەمکـی سـووڕیی درا لـە ئاسـتەکانی داڕشـتن دا، ئامـاژەش بـە ناسـووڕیی درا، لێـرەدا هەوڵدەدرێـت ڕاسـتاندنی ئـەوە بکرێـت کـە ئایـا یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان بـە شـێوەی ناسـووڕیی بـۆ بنچینەکـە و بـۆ پاشـگرەکەش جێبەجـێ دەکرێـن؟ بـۆ بەدەسـتهێنانی وەڵام، ئاسـتی داڕشـتنی (نـاو)ی شـوێن بـە پاشـگری[-دان] بـە نموونـە وەردەگیرێـت،

[[منداڵ]ناو/وشـەی فۆنۆلۆجیـی +-دان]وشـەی ئەرکیـی]⟵ ناسـووڕیی [دوای نەریتـی سـڕینەوەی کەوانـەکانBEC، مەرجـی سـووڕیی تونـدSCC لەکاردەکەوێـت، ئیتربنەمـای پاراسـتنی دروسـتەPSP کارنـاکات، گریمانـەی بـواری بەهێـز SDH بـۆ بـۆ دانـە بنچینەییەکـە و پاشـگرەکەش نامێنێت،/د/تیادەچێـت لەهەردووکیانـدا] ⟵ (فۆنۆلۆجـی مۆرفۆلۆجییانـە) یـان نواندنـی مۆرفۆلۆجییانـە⟵ [منداڵدان]وشـەی فۆنۆلۆجی⟵[مناڵان]وشـەی فۆنۆلۆجی/پرۆسـۆدیکی ، لەبەرئـەوەی دەرکردەکـە دانەیەکـی نوێـی داڕشـتووە کـە سـەر بـە کەتیگۆریـی نـاوی داڕێـژراوە، کەواتـە هەمـان تایبەتمەندییـە فۆنۆلۆجیـی پرۆسـۆدیکییەکانی (نـاو) لـە فەرهەنـگ دا وەردەگرێـت و دەبێتـە دانەیـەک کـە لـە سـێ برگـە پێکهاتـووە و بەیـەک پێـی بەهێـزی ئەناپسـت دەردەبڕرێـت و دەبێتـە وشـەیەکی فۆنۆلۆجیـی و ئاسـتی هێزدانانەکـەی کۆتاگـری دەبێـت، چونکـە پۆلـە کەتیگـۆری نـاوی پێکهێنـاوە، لـە کەتیگۆرییـە پرۆسـۆدیکییەکەی دا، بـەم شـێوەیە

[[منداڵ]ناو/وشـەی فۆنۆلۆجیـی +-دانوشـەی ئەرکیـی] ⟵ناسـووڕی[دوای BEC، SCC لەکاردەکەوێـت، PSP کارنـاکات، SDH بـۆ پاشـگرەکە،/د/ تیادەچێـت] ⟵[[مناڵان] [مi. نـا. ڵ ان]⟵[ ́ ]⟵[σ σ.σ́] mi. na. l'an] cv. cv. cv́c
Σ ]←ω .

[[خوێ]ناو/وشـەی فۆنۆلۆجیـی +-دانوشـەی ئەرکیـی] ⟵ناسـووڕی[دوای BEC، SCC لەکاردەکەوێـت، PSP کارنـاکات، SDH بـۆ پاشـگرەکە،/د/ تیادەچێـت] ⟵[[ خـوێ]+-ان] لەمبارەشـدا پرەنسـیپی بلۆککـردن کارا دەبێـت⊘[B] ↩چارەسـەرکردن[هێنانی /ی/ی فیلـەر]⟵ [خوێیـان] وشـەی فۆنۆلۆجیـی .

[[شەمع]وشـەی فۆنۆلۆجیـی +-دانوشـەی ئەرکیـی] ⟵ ناسـووڕی[دوای BEC، SCC لەکاردەکەوێـت، PSP کارنـاکات، SDH بـۆ بنچینەکـە/ع/ تیادەچێـت] ⟵[شەمدان]وشـەی فۆنۆلۆجـی [هەرچەنـدە بەسـووڕیی⟵ [شەمعدان]وشـەی فۆنۆلۆجـی یـش بەکاردێـت]

بـەڵام لـە هەمـان ئاسـتدا و لـە هەندێک لـە ژینگە داڕشـتنییەکانی وەک ئـەو نموونانـەی خـوارەوەدا، جێبەجێکردنی یاسـا فۆنۆلۆجییەکان دەبێتە سـووڕی:

[[نوقڵ]ناو/وشـەی فۆنۆلۆجیی+-دانوشـەی ئەرکیـی]، [[گـوڵ]+-دان]، [[ئاگر]+-دان]⟵سـووڕی[نەریتی سـڕینەوەی کەوانـەکان BEC + مەرجـی سـووڕیی توندSCC+بنەمـای پاراسـتنی دروسـتەPSP+ گریمانـەی بـواری بەهێـزSDH ] ⟵[نوقڵـدان]، [گوڵـدان]، [ئاگـردان].

**هەڵێنجـان:** کەواتـە لـە ئاسـتی فەرهەنـگ دا و لـە ژینگەکانـی دارِشـتن دا بـۆ هەمـان ژینگـەی دارِشـتن، یاسـا مۆرفۆلۆجیـی و فۆنۆلۆجییـەکان بـە شـێوەی ناسـوورِیی و( سـوورِیی)یش بـۆ بنچینەکـە و بۆ پاشـگرەکەش جێبەجێ دەکرێـن، وشـەی فەرهەنگـی L-Word بەرهـەم دێنـن، کەواتـە دەکرێـت جێبەجـێ کردنـی یاسـا فۆنۆلۆجییـە فەرهەنگییـەکان سـوورِیی یـان ناسـوورِیی بـن، لەهەمـان ئاسـتی دارِشـتنیی دا.

## ٢-٣/١سوورِیی و ناسوورِیی بۆ دانە دانەرِێژراو و بنچینە فەرهەنگییەکان:

### ١-٢-٣/١سوورِیی بۆ دانە دانەرِێژراوەکان:

کاتامبـا بەرِوونـی دەڵێت(یاسـا فۆنۆلۆجیـی و مۆرفۆلۆجییـەکان لـە فەرهەنـگ دا بـە شـێوەی سـوورِیی جێبەجـێ دەکرێـن، لەبەرئـەوەی یاسـاکان وا دروسـتبوون وکاردەکـەن تـا یەکەمجـار بـە شـێوەی سـوورِیی لەنـاو رِەگـەکان دا جێبەجـێ بکرێـن)( KATAMBA, F,١٩٩٦: ٢٥). (مەبەسـت لـە رِەگ لای کاتامبـا: دانە بنچینەییـە دانەرِێژراوەکانە).

بـۆ رِاسـتاندنی ئـەوە لـە کوردیـی دا چەنـد دانەیەکـی فەرهەنگیـی دانەرِێـژراو و بنچینەیـی وەدەگیرێـت، وەک:

[کورد]دانــەی ئاســتی قــووڵ← نواندنــی فۆنۆلۆجیــی ســوورِیی[نەریتی دانانــی کەوانەکانBC+مەرجــی ســوورِیی توندSCC+بنەمـای پاراسـتنی دروسـتەPSP+گریمانەی بـواری بەهێـزSDH]← نواندنـی پێکهاتەیـی فۆنۆلۆجیی←[کــورد]، نواندنــی پرۆسۆدیکیی←[کورد]وشــەی فۆنۆلۆجیــی

[رِۆژ]دانــەی ئاســتی قووڵ←نواندنــی فۆنۆلۆجیــی ســوورِیی[BEC+SCC+PSP+SDH]← نواندنــی پێکهاتەیــی←[رِۆژ] نواندنــی پرۆســۆدیکیی←[رِۆژ] وشــەی فۆنۆلۆجیــی.

**هەڵێنجــان:** لــەو نموونانــەوە دەردەکەوێــت کــە نواندنــی فۆنۆلۆجییانــەی فەرهەنگیــی دانــە بنچینەییــە فەرهەنگییـەکان (کـە نواندنـی پێکهاتەیـی و پرۆسـۆدیکیی دەگرێتـەوە، تیایانـدا کـە جێبەجـێ کردنـی سـەرجەم یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان پێکـەوە جێبەجـێ دەکرێـن، بـۆ نواندنیـان)، بـە شـێوەی سـوورِیین.

هەندێک نموونەی تر لە دواتردا وەردەگیرێت تا بزانرێت هەمان دەرئەنجام بەدەست دێت؟

### ٢-٢-٣/١ ناسوورِیی non-cyclicبۆ دانە دانەرِێژراوەکان:

لێـرەدا هـەوڵ دەدرێـت رِاسـتاندنی ئـەوە بکرێـت کـە ئایـا جێبەجـێ کردنـی یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان بـە شـێوەی ناسـوورِییش هەیـە بـۆ نواندنـی دانـە فەرهەنگییـە دانەرِێـژراو و بنچینەییـەکان، چەنـد نموونەیـەک رِاڤەدەکرێـت، وەک:

[رِەنگ]ناو/دانـەی ئاسـتی قـووڵ← نواندنـی فۆنۆلۆجیـی ناسـووری[دوای دانانـی کەوانـە مۆرفۆلۆجییـەکان Bracket Condition، مەرجـی سـوورِیی تونـدSCC لەکاردەکەوێـت، ئیـتر بنەمـای پاراسـتنی دروسـتەPSP کارنـاکات، گریمانـەی بـواری بەهێـزSDH بـۆ دانـە فەرهەنگییەکـە نامێنێـت، ] ←نواندنـی پێکهاتەیـی/ فۆنۆلۆجیـی [رِەن+گ]←نواندنـی پرۆسـۆدیکیی←[رِەنگ-reŋ ] لـەم بـارەدا بنەمـای پاراسـتنی دروسـتە کاری خـۆی نەکـردووە دوو فۆرمـی دەربرِینـی جیـاواز بـۆ دانـە فەرهەنگییەکـە هەیـە. هەروەهـا بـۆ [دەنـگ، زەنـگ، جەنـگ،.... ] بـە هەمـان شـێوەیە.

[پشـتدەر]ناو/ دانـەی ئاسـتی قـووڵ ←[دوای دانانـی کەوانەمۆرفۆلۆجییـەکانBracket Condition، مەرجـی تونـدی سـوورِیی SCC لەکاردەکەوێـت، ئیتربنەمـای پاراسـتنی دروستەPSP کارنـاکات، گریمانـەی بـواری بەهێـز

SDH بـۆ دانـە فەرهەنگییەکـە نامێنێت]←نواندنـی پێکهاتەیـی [پشـتدەر]←نواندنی پرۆسـۆدیکیی←[پژدەر].
هەروەهـا بـۆ [پێشـمەرگە/پێژمەرگە، دژ/دش، ...] بەهەمـان شـێوەیە.

لـەم نموونانەشـدا بەمجۆرەیـە: نواندنـی فۆنۆلۆجیانـەی دانەکانـی[ددان، دەسـت، دەنـگ... ] دانـەی ئاسـتی قـووڵ←[دوای BC، SCC لەکاردەکەوێـت، PSP کارنـاکات، SDH بـۆ دانـە فەرهەنگییـەکان نامێنێـت،]← نواندنـی پێکهاتەیـی←[ ددان، دەسـت،دەنگ]، نواندنـی پرۆسـۆدیکی ←[ ، دان، دەس، دە /].
هەروەهـا نواندنـی هەندێـک لـە دانـە فەرهەنگییـە دانەڕیـژراو بنچینەییەکانـی تـری نێـو فەرهەنگیـش، بـە هـۆکاری ناوچەیـی بێـت یـان هـۆکاری ئەکسـێنتی تاکەکەسـی لـە دەربڕیـن دا لـە ئاسـتی قووڵـەوە بـۆ ئاسـتی ڕووکـەش بـە شـێوازی (ناسـووڕیی)ن، هەندێـک جـار هـەردوو فۆڕمـە گۆڕاوەکـەش وەک دوو دانـەی بنچینەیـی فەرهەنگیـی هاوواتـای یەکتـر لـە فەرهەنگەکـە دا تۆمـار دەبـن، ئـەو بـارەش لـە لێکۆڵینـەوە فۆنۆلۆجییەکانـدا بـە بـە ئاڵوگـۆڕی دەنگـی وەک یاسـایەکی فۆنۆلۆجیـی کوردیـی دانـراوە، وەک:
[جگەر]دانـەی ئاسـتی قـووڵ ← نواندنـی فۆنۆلۆجیـی ناسـووڕیی[دوای دانانـی کەوانـە مۆرفۆلۆجییـەکانBracket Condition، مەرجـی تونـدی سـووڕیی SCC لەکاردەکەوێـت، ئیتربنەمـای پاراسـتنی دروسـتەPSP کارنـاکات، گریمانـەی بـواری بەهێـزSDH بـۆ دانـە فەرهەنگییەکـە نامێنێـت، ] ←نواندنـی پێکهاتەیـی /فۆنۆلۆجیـی [جگەر] وشـەی فۆنۆلۆجی←نواندنـی پرۆسـۆدیکی←[جگەر، جـەرگ] لـەم بـارەدا بنەمـای پاراسـتنی دروسـتە کاری خـۆی نەکـردووە دوو فۆرمـی دەربڕینـی جیـاواز بـۆ دانـە فەرهەنگییەکـە هەیـە.
جێبەجێکردنـی یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان بـۆ نواندنـی [جەرگ]وشـەی فۆنۆلۆجـی ناسـووڕییە، هـۆکاری ئـەوەش لـە سـەرەتادا دروسـتەی بڕگەکـە لـە [جگەر]وشـەی فۆنۆلۆجیـی دا ccvc یـەک بڕگەیـە، بـەڵام وەک تێبینـی دەکرێـت لـە زمانـی کوردیـی دا سیسـتەمی دروسـتەی بڕگەیـی زمانەکـە زیاتـر هەوڵـدەدات ئـەو تاکـە وشـە یـەک بڕگەییانـەی کـە ئەوجـۆرە دروسـتانەیان هەیـە، زیاتـر مەیلـی گۆڕینـی دروسـتەی بڕگەییەکـەی دەکـەن بـۆ دروسـتەی cvcc وەک[جـەرگ] [cerg]، بـە مەرجێـک نەبێتـە هـۆی گۆڕینـی واتـا یـان دروسـتبوونی هاوبێـژی. وا دادەنرێـت هـۆکاری ئـەوەش ئـەوە بێـت کـە بزوێنـی بڕگـە هێـزدارەکان بـە بەرزتـرو بـە وچانێکـی زیاتـر دەردەبڕێـن(Zabata,٢٠٠٩:١-٢)، بـۆ ئـەوەش هەبوونـی دوو دەنگـی بزوێـن لەسـەرەتای بڕگەکـەدا ڕێگـرە لـەم کارە، لەبـەر ئـەوە هەوڵدەدرێـت دروسـتەی بڕگەکـە بگۆڕدرێـت.

**هەڵێنجـان:** لـەو نموونانـەوە دەردەکەوێـت کـە نواندنـی فۆنۆلۆجییانـەی فەرهەنگیـی دانـە بنچینەییـە فەرهەنگییـەکان (کـە نواندنـی پێکهاتەیـی و پرۆسـۆدیکیی دەگرێتـەوە، تیایانـدا جێبەجێکردنـی سـەرجەم یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان پێکـەوە جێبەجـێ دەکرێـن، بـۆ نواندنیان)،بـە شـێوەی ناسـووڕیین.

کەواتە دەتوانرێت ئەو دەرئەنجامە بەدەستبێت کە:

**دەرئەنجـام:** ئاسـتێک لـە سـەروو ئاسـتەکانی داڕشـتنەوە هەیـە لـە فەرهەنگی زمانـی کوردیـی دا، کـە نواندنـی فۆنۆلۆجییانـەی فەرهەنگیـی دانـە بنچینەییـە فەرهەنگییـەکان (کـە نواندنی پێکهاتەیـی و پرۆسـۆدیکیی دەگرێتەوە، تیایانـدا جێبەجێکردنـی سـەرجەم یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان پێکـەوە جێبەجـێ دەکرێـن، بـۆ نواندنیـان)، بـە شـێوەی سـووڕیی و ناسـووڕیین.

بـەڵام پرسـیارێکی تـر لێـرەدا دێتـە ئـاراوە کـە ئایـا ئاسـتەکانی دارِشـتن لـە فەرهەنـگ ودوافەرهەنگـی زمانـی کوردیـی دا، دواسـوورِیین post cyclic، وەک ئـەوەی (١٩٨٤، Booij & Rubach: ١ ))ئاماژەیـان پێـداوە لـە زمانـی هۆڵەندیـی و پۆڵەندیـی دا؟

لـە راڤەکردنەکانـی پێشـووەوە ئـەو دەرئەنجامـە بەدەسـت هـات کـە جێبەجێکردنـی یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان پێکـەوە لـە ئاسـتەکانی دارِشـتن دا، بـە شـێوەی سـوورِیی و ناسـوورِییش بـوون، بـەڵام ئامـاژە بـە دواسـوورِیی post cyclic نەدرابـوو، لەبەرئـەوە وەڵامـی ئـەم پرسـیارەو پرسـیارەکانی پێشـوو زۆر بەگرنـگ دادەنرێـت چونکـە دەبنـە بنەمـا بـۆ دیاریکردنـی ئاسـتەکانی فەرهەنـگ و نەخشەسـازی سـوورِیی و ناسـوورِیی لـە فەرهەنگـی زمانـی کوردیـی دا.

٣-٣/١ سوورِیی cyclic و دواسوورِیی post cyclic لە کوردیی دا:

لە تیۆرییەکەدا، لە فەرهەنگ و دوافەرهەنگ دا و لە ئاسـتەکانی دارِشـتن دا، سـوورِێتی و دواسـوورِێتی دیاریکرابوو بـۆ جێبەجێکردنـی یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان، بـۆ ئـەو بابەتـەش چەنـد بـۆ چوونێکـی جیـاواز هاتبـووە ئـاراوە وەک لـە پێشـوو تـردا ئاماژەیـان پێـدرا. بـەڵام دەبێـت بـە پێـی تایبەتمەندیـی زمانـی کوردیـی لـە جێبەجێکردنـی یاسـا مۆرفۆلۆجیـی و فۆنۆلۆجییـەکان دا بـە شـێوەی سـوورِیی cyclic یـان دواسـوورِیی post cyclic ئامـاژە بە ئاسـتەکان بدرێـت .

بـۆ دیاریکـردن و هەڵهێنجانـی ئـەوەش وشـەی فەرهەنگی[دەسـت] لـە ئاسـتی قووڵـەوە بـۆ ئاسـتەکانی نوانـدن و پاشـان ئاسـتەکانی دارِشـتن وەردەگیرێـت:

[دەسـت]دانەی ئاسـتی قـووڵ ⟵[دوای نەریتیـی دانانـی کەوانـە مۆرفۆلۆجییـەکان BC، SCC لەکاردەکەوێـت، PSP کارنـاکات، SDH بـۆ دانـە فەرهەنگییـەکان نامێنێـت،]⟵ نواندنـی پێکهاتەیی[دەسـت]⟵ نواندنـی پرۆسـۆدیکیی ⟵[ دەس]وشـەی فۆنۆلۆجـی.

لەبـەر ئـەوەی [دەسـت]ناو/دانەی ئاسـتی قـووڵ، لـەرووی پرۆسـۆدیکییەوە بـە یـەک (پـێ)ی بەهێـز دەردەبڕێت، هێزدانـان تیایـدا کۆتاگـرە، تایبەتمەندیـی بەسـتنەوەیconstraint توانـەوەو لابردنی/ئەسیمیلەیشـنی /ت/ی هەیـە، ئـەوا نواندنـی پرۆسـۆدیکیی [دەس] وشـەی فۆنۆلۆجییـی هەیـە، بەپێی بـۆ چوونەکانـی (١٩٨٤، Booij & Rubach) و(١٩٨٥، Rubach)بێـت ئـەوا مانـای وایـە کـە ئاسـتێکی سـوورِیی لەسـەروو ئاسـتەکانی دارِشـتنەوە هەیـە لـە فەرهەنـگ دا بـۆ دانـە بنچینەییـە فەرهەنگییـەکان، وئاسـتەکانی دارِشـتنیش دواسـوورِیین، کەواتـە دەبێـت هەمـوو کاتێـک بـە شـێوەی فۆڕمـی [دەست]وشـەی فۆنۆلۆجییبچێتـە نـاو ئاسـتەکانی دارِشـتنەوە، نـەک بـە [دەس] یاخـود هەردووکیـان، هـەروەک چـۆن بـۆ نموونەیـان بـۆ[[held/]⟵[helt/] ]، لـە نواندنـی لـە ئاسـتی سـەروو ئاسـتەکانی دارِشـتن دا هێنابوویـەوە، و بـەڵام بـە فۆرمـی فۆنۆلۆجیـی [held]، دەچـووە بوارەکانـی دارِشـتنەوە [[held]+ -en]] (Booij & Rubach ,١٩٨٤:١-٢). بـۆ راسـتاندن یـان رەتکردنـەوەی ئـەو بۆچوونـە پەسـنی و راڤـەی هەندێـک لـە ئاسـتەکانی دارِشـتن و ژینگـە دارِشـتنییەکان دەکرێـت، کـە [دەست]وشـەی فۆنۆلۆجییـی تێدەچێـت:

[[دەست]ناو/وشـەی فۆنۆلۆجیـی+ [-بر]رەگـی کردار/وشـەی فۆنۆلۆجیـی] ]⟵ ناسـوورِیی [دوای نەریتـی سـرِینەوەی کەوانـەکانBEC، مەرجـی تونـدی سـوورِیی SCC لەکاردەکەوێـت، ئیتربنەمـای پاراسـتنی دروستەPSP کارنـاکات، گریمانـەی  بـواری بەهێـزSDH بۆفۆرمـی فۆنەتیکیـی [دەسـت] وشـەی فۆنۆلۆجیـی نامێنێـت، ]⟵ تیاچوونـی /ت/⟵[دەسبرِ]هاوەڵناو/وشـەی فۆنۆلۆجیـی.

هەروەها لەبواری رۆنانی لێکدانیشدا لە[دەسرِەنگین]هاوەڵناو/وشەی فۆنۆلۆجییدا بە هەمان شێوەیە.

[[دەست]ناو/وشەی فۆنۆلۆجیی+ -گا وشەی ئەرکیی]← ناسووڕیی [دوای نەریتی سڕینەوەی کەوانەکانBEC، مەرجی سووڕیی توندSCC لەکاردەکەوێت، ئیتربنەمای پاراستنی دروستەPSP کارناکات، گریمانەی بواری بەهێزSDH بۆفۆڕمی فۆنەتیکی [دەست] نامێنێت، ] ← تیاچوونی/ت/ و گۆڕانی/س/ بۆ /ز/←[دەزگا]وشەی فۆنۆلۆجیی. هەروەها لە [دەزگرە]ناو/وشەی فۆنۆلۆجیی، [دەزگیران]ناو/وشەی فۆنۆلۆجیی، [دەزگیرۆیی]ناو/وشەی فۆنۆلۆجیی ،.. یشدا بە هەمان شێوەیە.

[[دەست]ناو/وشەی فۆنۆلۆجیی+ [-هاڕ]ڕەگی کرداری هاڕین] ]← سووڕیی بۆ [دەست]، ناسووڕیی بۆ [-هاڕ] [دوای نەریتی سڕینەوەی کەوانەکانBEC، مەرجی توندی سووڕیی SCC لەکاردەکەوێت، ئیتربنەمای پاراستنی دروستەPSP کارناکات، گریمانەی بواری بەهێزSDH بۆفۆڕمی فۆنەتیکیی[هاڕ]ڕەگ نامێنێت، ]← تیاچوونی/ھ/، گۆڕانی/هاڕ/بە/-اڕ/←[دەستاڕ]ناو/وشەی فۆنۆلۆجیی، هەروەها لە [دەستەوام(دانەوەی چاکەی بەرامبەر)]،[دەستاو(تامی خواردن دروستکردن)] یشدا بە هەمان شێوەیە.

**هەڵێنجان:** دوو فۆڕمی فۆنۆلۆجیی نواندنیی جیاواز هەیە بۆ فۆڕمی بنچینەیی[دەست] لە ئاستی قووڵەوە بۆ ئاستی نواندنی فۆنۆلۆجیی( پێکهاتەیی و پرۆسۆدیکیی) کە [دەست، دەس]ن پێش ئاستەکانی داڕشتن.


سێ فۆڕمی فۆنۆلۆجیی جیاواز بۆ [دەست] هەیە لە ژینگەکانی داڕشتن دا کە [دەس، دەز، دەست].

کەواتە

**هەڵێنجان:** ئەوەش مانای وایە کە ناکرێت بوترێت ئاستەکانی داڕشتن ئاستی دواسووڕیین، یان سووڕیین. بەم شێوەیە بۆ چوونەکەی بوویج و ڕووباک Booij & Rubach ١٩٨٤, و بۆ چوونی کیپارسکی Kiparsky,a,b١٩٨٢یش دەربارەی سووڕێتیی کە وای دادەنێت هێچ ئاستێکی سووڕیی لە سەروو ئاستەکانی داڕشتنەوە نییە و سەرجەم ئاستەکانی داڕشتن لە فەرهەنگ دا سووڕیین وئاستە دوافەرهەنگییەکانیش دواسووڕیین، ڕەتدەکرێتەوە بۆ زمانی کوردیی.

ناکرێت بوترێت ئاستی سەروو ئاستەکانی داڕشتن سووڕییە و ئاستەکانی داڕشتنیش دواسووڕیین لە فەرهەنگی زمانی کوردیی دا، بەڵکو هەروەک لە پەسنکردنی نموونەکانەوە دەرکەوت : ئاستێکی جێبەجێکردن و نواندنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بۆ دانە فەرهەنگییە دانەڕێژراوەکان هەیە لە فەرهەنگ دا لە سەروو ئاستەکانی داڕشتنەوەیە، کە جێبەجێکردنی و نواندنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بۆیان بە شێوەی سووڕیی و ناسووڕییە.

کەواتە دەبێت نەخشە سازییەکی تایبەت بۆ ئاستەکانی داڕشتن و سووڕێتی و ناسووڕیی بۆ ئەو ئاستانە دیاری بکرێت لە فەرهەنگی زمانی کوردییدا بە پێی ئەو دەرئەنجامانەی کە بەدەستهاتوون.




هێڵکاری(١٠) نواندی ئاستە سووڕیی وناسووڕیی دواسووڕییەکانی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕاڤەکردنەکان لەم تێزەدا، ئاستەکانی نواندنی دانە فەرهەنگییە بنچینەییەکان کە نواندنی پێکهاتەیی و پرۆسۆدیکی دەگرێتەوە لەگەڵ ئاستەکانی دارشتن و ڕۆنان لە فەرهەنگدا دەکرێت سووڕیی یان ناسووڕیی یان دواسووڕی بن، ئاستی دوافەرهەنگیش بە ئاستێکی دواسووڕیی دادەنرێت.

## ٤/١ ئاستی دوافەرهەنگ:

یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان لەگەڵ یاساکانی وشەڕۆناندا کارلێک دەکەن و لەبواری وشەدا سنووردار دەکرێن. بەوپێیەی کە وشەکان لەناو فەرهەنگدا ڕۆدەنرێن نەک لە سینتاکسدا، لەلایەکی ترەوە ڕستە بواری سەرەکی یاسا دوافەرهەنگییەکانن لەبەرئەوەی ئەم یاسا دوافەرهەنگیانە بۆ زنجیرە دەنگییە دارێژراوەکانی وەک (دەربڕاو)ەکان جێبەجێدەکرێن کە لە لایەن ئۆپەراسیۆنە سینتاکسییەکانەوە جێبەجێکراون(Rubach,٢٠٠٨:٤٥٦)لە (Waffa Suhib,٢٠١٨:١٣). سەرەتا لای کیپارسکی جیاوازی نێوان ئەم دووئاستە لەسەر چەند بنەمایەک بوو، وەک ئاماژەی پێدرا، پاشان لەسەر بنەمای سووڕیی وناسووڕێتی بوو. دەرئەنجامی ئەم مۆدولەش سێ وەچەمۆدولی لێ بەرهەم هات ، کەوەچە(مۆدولی مۆرفۆلۆجی، مۆدولی فۆنۆلۆجی وشەو، وەچە مۆدولی فۆنۆلۆجی فرێزییە)، مۆدولی مۆرفۆلۆجی هەریەکە لە مۆدولەکانی (ئەلۆمۆرفی پێش وشەیی، مۆدولی مۆرفۆلۆجی لە خۆدەگرێت)، بەڵام ڕۆجا(Roca,١٩٩٤:٢٥٥) وای دادەنێت کە هەموو یاسا مۆرفۆلۆجییەکان لە خۆ دەگرێت لەگەڵ مەرجە قورسە مۆرفۆلۆجییەکانیشدا. مۆدولی فۆنۆلۆجی، (کە مۆدولی فۆنۆلۆجی وشە دەگرێتەوە لەگەڵ فۆنۆلۆجی فرێزدا)ئەم دوو مۆدولە بە شێوەیەکی بنەڕەتی هاوتایە لەگەڵ ئاستەکانی فەرهەنگدا، بەجۆرێک مۆدولی فۆنۆلۆجی وشە هاوتایە لەگەڵ فۆنۆلۆجی فەرهەنگیدا. دواتر مۆدولی فرێزی فۆنۆلۆجی دێت، کە بە فۆنۆلۆجی ڕیزبەندی وشە، یان ڕیزکردنی وشە یان فرێز دێت، کە هاوتایە لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکاندا (Roca,١٩٩٤:٢٥٤-٢٥٥)). نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان و مەرجی سووڕیی توند و بنەمای پاراستنی دروستە، هیچ کام لەم نەریتانە لە ئاستی دوافەرهەنگدا ڕێگە پێدراو نییە. کەواتە جێبەجێکردنی سەرجەم یاسا فەرهەنگییەکان پێش یاسا

دوافەرهەنگییەکان دێت. یاسا دوافەرهەنگییەکان دەرکردەی یاسا فەرهەنگییەکان دەگرێتەوە، کە فراوانترن لە بواری یاساکانی وشەڕۆنان، وەک ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانەی کە ئاماژە دەکەن بۆ دروستەی فرێز(فرێزی فۆنۆلۆجی) یا ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانەی کە لە دەرەوەی سنوورەکانی وشەدا جێبەجێکردن نەک لەناو وشەدا(Clark,Yallop:٤١٣:١٩٩٥-٤١٤). بۆ نموونە گۆڕینی دەنگی/s/بۆ/z/ لە -/azyu. /as you wish :/ مەرج نییە لە هەموو دەربڕاوێکدا /as / بە //az بنوێنرێت، لەبەر ئەو هۆیەیە کە یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگیەکان بە دواسووڕیی دادەنرێن. بەڵام لە دەربڕینی /box/ لەباری کۆدا [ [box]+-s] بە / boksz/ لە هەموو بارێکدا، یاسایەکی فەرهەنگیی سووڕییە. کەواتە یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان تا ڕادەیەکی زۆر(مۆرفۆفۆنەمیکین)، بەڵام یاسا دوافەرهەنگییەکان هاوشێوەی پرۆسە سروشتییەکانی نیشانە کردنن stampe (پرۆسەی سروشتی نیشانە کردنی دەنگین) ، یان لە پرۆسە ئەلۆفۆنییە باوەکانی فۆنەمیکی دەچن (Clark,Yallop:٤١٢:١٩٩٥-٤١٤:allophonic processes of traditional Phonemics.). لە ئاستی وشەی زمانی ئینگلیزیدا جۆرەکانی لاگر لکاندن وپرۆسەکانی لە خۆدەگرن، لە کاتێکدا فۆنۆلۆجی ئاستی فرێز دیاردەکانی وەک لکاندنی /r/ لە زۆرێک لە ئەکسێنتی نا-ڕۆتیکی (واتە دەنگی /r/ دەخوێنرێتەوە لە دوای دەنگی بزوێن، ئەوە لە کاتێدا لە یاسا فەرفەرهەنگییەکەدا ناخوێنرێتەوە)وەک لە far دا بە /fa:/ یە، بەڵام لە هەندێ شێوەزاری نا-ڕۆتیکیدا دەبێتە/far/ (Waffa Suhib,١٣:٢٠١٨). کەواتە ئەو پرۆسە فۆنۆلۆجییانەی کە دەخرێنە کار لە نێوان وشەکاندا (جگە لەوانەی کە لە ناو پرۆسەکانی لێکدانی وشەکاندان)بە یاسا دوافەرهەنگییەکان دەناسرێن، لەبەر ئەوەی تەنها خستنەکاری ئۆپەراسیۆنی یاسا سینتاکسییەکان و تێئاخنینی فەرهەنگیsyntactic rule and lexical insertion دەتوانێت وشە فەرهەنگییەکان پێکەوەو ببەستێتەوە.( Hgiwara,Robert ١٩٩٢: ٢-٣). لە زمانی کوردیشدا سەرجەم ئەو گۆڕانە دەنگییانەی کە لە ئاستی سینتاکسدا ڕوودەدەن بە گۆڕانی دوافەرهەنگی دادەنرێن وەک ئەو گۆڕانکارییە فۆنۆلۆجییانەی کە بە( ئابووریکردن) ئاماژەیان پێدراوە. یان وەک دەربڕاوە ناوچەییەکان یان دەربڕاوە تاکە کەسییەکان...

## ئەنجام:

١- لە دیاریکردنی ئاستەکانی فەرهەنگی دا سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی سووڕیی و ناسووڕیی و دەستنیشانکردنی ئاستە سووڕیی وناسووڕیی و دواسووڕیەکان کە لە سەرچاوەکانی تیۆری فۆنۆلۆجی فەرهەنگی دا بۆ زمانە جیاکان کراوە، لە چوار بۆ چوەنی جیاوازدا خرایە ڕوو؛ بەڵام لەئەنجامی ئەو لێکدانەوانەوە کە لە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیەدا خراوەتە ڕوو، ئەو دەرئەنجامە بەدەست دێت کە :

ا- لە نواندنی فۆنۆلۆجییانەی دانە بنچینەییە فەرهەنگییەکان دا کە لە ڕووی داڕشتنەوە سادەن، تیایاندا جێبەجێکردنی سەرجەم یاسا فۆنۆلۆجییەکان پێکەوە جێبەجێ دەکرێن، بۆ نواندنیان)، بە شێوەی سووڕیی و هەروەها بە شێوەی ناسووڕییشن.

ب- لە نواندنی فۆنۆلۆجییانەی دانە بنچینەییە فەرهەنگییەکان دا کە لە ڕووی داڕشتنەوە داڕێژراون، بە شێوەی سووڕیی و ناسووڕیی بۆ بنچینەکە و بۆ پاشگرەکەش جێبەجێ دەکرێن، وشەی فەرهەنگی L-Word بەرهەمدێنن، کەواتە دەکرێت جێبەجێ کردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان سووڕیی یان ناسووڕیی

بـن، لەهەمـان ئاسـتی دارشـتنیی دا.

٢-- لـە ئەنجامـی لێکدانەوەکانـی بەشـی سـێیەم و چوارەمـی توێژینەوەکەوە لـە دیاریکردنی ئاستەکانی فەرهەنگ لــە ڕووی جێبەجێکردنــی یاســا فۆنۆلۆجییەکانــەوە هاوشــان بــە پرۆســە مۆرفۆلۆجیەکانــی دارشــتن بەشــێوەی ســووڕییانەو ناســووڕییانە بـۆ نواندنـی فۆنۆلۆجییانـەی دانـە فەرهەنگییـە سـادەو دارێـژراو لێکـدراوەکان و لـە ژینگەدارشــتنییە مۆرفۆلۆجیەکانـدا، دەگەیـن بـەو دەرئەنجامـەی کـە:

ا- ئاسـتێک لـە سـەروو ئاسـتەکانی دارشـتنەوە هەیـە لـە فەرهەنگـی زمانی کوردیـی دا، کـە نواندنـی فۆنۆلۆجییانەی فەرهەنگیــی دانــە بنچینەییــە فەرهەنگییــەکان (کــە نواندنــی پێکهاتەیــی و پرۆســۆدیکیی دەگرێتــەوە، تیایانــدا جێبەجێکردنـی سـەرجەم یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان پێکـەوە جێبەجـێ دەکرێـن، بـۆ نواندنیـان)، بـە شـێوەی سـووڕیی و هەروەهـا بـە شـێوەی ناسووڕییشـن.

ب- ناکرێـت بوترێـت ئاسـتەکانی دارشـتن تەنهـا دواسـووڕیین، یـان تەنهـا سـووڕیین. بەڵکـو دەکرێـت بـۆ هەندێکیـان سـووڕیی بـن و بـۆ هەندێکـی تریشـییان دواسـووڕیی بـن؛ بـەم شـێوەیە بـۆ چوونەکـەی بوویـج و ڕووبـاک Booij & Rubach ,١٩٨٤ و بـۆ چوونـی کیپارسـکیKiparsky١٩٨٢a,b یش دەربـارەی سـووڕێتیی کـە وای دادەنێـت هێـچ ئاسـتێکی سـووڕیی لـە سـەروو ئاسـتەکانی دارشـتنەوە نییـە و سـەرجەم ئاسـتەکانی دارشـتن لـە فەرهەنـگ دا سـووڕیین وئاسـتە دوافەرهەنگییەکانیـش دواسـووڕیین، ڕەتدەکرێتـەوە بـۆ زمانـی کوردیـی.

## المبادئ المعيارية في النظرية الصوتية المعجمية وما بعد المعجمية في اللغة الكردية

## الخلاصة:

عنـوان البحـث هـو (المبـادئ المعياريـة في علـم الأصـوات المعجمـي ومـا بعـد المعجمـي في اللغـة الكرديـة) وهـو مـن النظريـات الصوتيـة العالميـة ويـشرح كيفيـة تطبيقهـا في اللغـة الكرديـة لمبادئهـا المعياريـة التـي تحكـم التمثيـل الصـوتي. وتطبيـق القواعدالصوتيـة ، والتـي تـم تطويرهـا في البدايـة لدراسـة تكويـن الكلـمات. سـبب اختيـار عنـوان موضـوع البحـث: نشـأ في نهايـة القـرن المـاضي مـن مدرسـة لنـدن لعلـم اللغـة (علـم الأصـوات المعجمـي ومـا بعـد المعجمـي) كان في البدايـة لدراسـة التعبـيرات اللغويـة للغـة الإنجليزيـة. إن تقديـم نظريـة ومبـادئ تطبيقهـا عـلى لسـانيات اللغـة الكرديـة وتحديـد البيئـات التـي نشـأت فيهـا ظاهـرة الصوتيـات (البيئـة الصرفيـة\ المورفوفونميكيـة) (البيئـة الصوتيـة / البيئـة البروسـوديكية) هـي أسـباب اختيـار الموضـوع للحصـول عـلى النتائـج. قابليتـه للتطبيـق عـلى اللغـة الكرديـة مـدى انطباقهـا عـلى اللغـة الكردييـة. عـلى الرغـم مـن أنـه تـم القيـام بالكثـير مـن العمـل في مجـال علـم التشـكل اللغـوي\ المورفوفونميكيـة للغـة الكرديـة ، إلا أنـه لم يتـم القيـام بـأي عمـل عـلى التمثيـل العـرضي\ البروسـوديكية كتمثيـل معجمـي. تحـاول هـذه الأطروحـة إثبـات أن التمثيـل العـرضي\ البروسـوديكية هـو أيضًـا جـزء مـن التمثيـلات المعجميـة ، وليـس أن التمثيـل البروسـوديكية هـو تمثيـل مؤقـت ومـا بعـد المعجـم. تقـدم هـذه الدراسـة أولاً لمحـة موجـزة عـن النظريـة ، والتـي تتضمـن وجهتـي نظـر مختلفتـين ، ولكـن يتـم شرح فقـط وجهـة النظـر المورفوفونولوجيـة وأسـاس التمييـز بـين كل مـن طبقـة المعجميـة ومـا بعـد المعجميـة.

**الكلـمات الرئيسـية: اتفاقيـة محـو القـوس BEC ، شروط الـدورة الصارمـة SCC ، مبـدأ الحفـاظ عـلى الهيـكل PSP ، فرضيـة المجـال القـوي SDH ، الحظـر ، الـدورة ، مبـادئ الحلقـة .**

# The modular principles of Lexical and post Lexical Phonology in Kurdish

## Abstract:

The title of the research is (The modular principles in Lexical and post-lexical Phonology in the Kurdish Language), which is one of the global phonological theories and explains how to implement it in the Kurdish language because of its modular principles that govern phonological representation and rule application., which was initially developed to study word formation. The reason for choosing the title of the research topic: It originated at the end of the last century from the London School of Linguistics (lexical and post-lexical phonology) was initially to study the linguistic expressions of the English language. Presenting the theory and principles of its application to the linguistics of the Kurdish language and defining the environments in which the phenomenon of phonetics (the morphophonemic environment) arose (phonetic environment / prosodic environment) are the reasons for choosing the topic, to obtain the results of its applicability to the Kurdish language. Although a lot of work has been done in the field of Kurdish language morphophonemics, no work has been done on prosodic representation as lexical representation. This thesis attempts to prove that prosodic representation is also part of lexical representations, not that prosodic representation is provisional and post-lexical representation. This study first provides a brief overview of the theory, which includes two different viewpoints, but only the morphophonological viewpoint and the basis for the distinction between both lexical and post-lexical modules are explained.

**Keywords: Bracket Erasure Convention BEC, Strict Cycle Condition SCC, Principle of Structure Preservation PSP, Strong Domain Hypothesis SDH, Blocking, cyclicity, Loope principles**

:

## سەرچاوەکان

ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی.

بازیان یونس محێدین(٢٠١٣)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپخانەی موکریانی ، هەولێر

بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٥)، فۆنیمی (نگ) لە شێوەزاری سلێمانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی : ( B)، ژمارە : ١٩.

بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٥)، فۆنیمی (و)ی درێژ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی : ( B)،

ژمـاره:١٥
دڵشـاد غالـی صالـح، پێشـڕەو صالـح علـی (٢٠١٩)، پرۆسـەمۆرفۆلۆجییەکان لـە زمانـی کوردیـدا، زانکـۆی گەرمیـان ، پێنجەمیـن کۆنفرانـس بـۆ زمـان و زانسـتە مرۆییـەکان،٢٠١٩ (بۆنـەی تایبـەت).
عەبدولجەبـار مسـتەفا مەعـروف وسـازان زاهیـر سـەعید(٢٠١٨)،زانیاری فەرهەنگی-نواندنـی فۆنۆلۆجـی لـە کوردیـدا، گۆڤـاری زانکـۆی ڕاپەڕیـن، سـاڵی پێنجـەم، ژمـارە:١٥ ، کانوونـی یەکەمـی ٢٠١٨.
عەبدولجەبـار مستەفا مەعـروف و سـازان زاهیـر سـەعید(٢٠١٩)، پـرۆژەی مۆرفۆفینتاکسـیی لـە نێـوان فەرهەنـگ و سینتاکسـدا ، گۆڤـاری زانکـۆ بـۆ زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، بەرگـی ٢٣، ژمـارە : ٣، سـاڵی ٢٠١٩.
فەرەیـدون عەبـدول بەرزنجـی، بەکـر عومەرعلی(٢٠٠٤)،مۆرفیمـە سینتاکسـییەکان لـە ڕسـتەی ناسـادەدا، گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی، ژمـارە ١٤، بەشـی B ، حوزەیرانـی ٢٠٠٤.
پێشڕەوسـاڵەح عەلـی(٢٠١٥)، یاسـا مۆرفۆفۆنۆلۆجییـەکان لـە داڕشـتەی مۆرفۆسـینتاکس دا، نامـەی ماجسـتێر، زانکـۆی سـلێمانی.
دڵشاد محمەد غەریب (٢٠١٩)، هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکوکدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی .
صالـح عبدللـە بابکـر(٢٠١٦)، ڕێبـازی مۆرفۆلـۆژی فەرهەنگـی لـە شـیکردنەوەی گیرەکەکانـی زمانـی کـوردی دا، نامـەی ماسـتەر، زانکـۆی ڕاپەڕیـن.
لیمـۆ محمـود تۆفیق(٢٠١٢)،دەربڕینـی چەمکـی دیاریکـردن وئاشـکرا نەکردنـی نـاو لـە کـوردی و چەنـد زمانێکـی هاوگروپـی خـۆی و دوور لێـوەی، نامـەی ماجسـتێر، زانکـۆی سـلێمان، کۆلێـژی زمـان.
عەبـدوڵا حوسـێن ڕسـول(٢٠١٣)، مۆرفۆفۆنێـم لـە دیالێکتـی ناوەڕاسـتدا توێژینەوەیەکـی دەنگوشەسـازییە، گۆڤـاری زانکـۆی ڕاپەڕیـن، ژمـارە: ٢، سـاڵی ٢٠١٣.
عەبدولجەبـار مسـتەفا مەعـروف و کاروان عەمـەر قـادر(٢٠١١)، کاریگـەری فەرهەنـگ لـە بنیاتـی دروسـتە سینتاکسـییەکاندا، گۆڤـاری اسـتاد، ژمـارە: ٨٦.
طالب حوسێن عەلی (٢٠١٥)، دەنگسازی چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.
محمەد محوی(٢٠١٠)، مۆرفۆلۆجی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانی.
هـاوکار عمرخـضر (٢٠١٩)، یاسـا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکانـی ڕەگـی داهاتـوو بـۆ ڕابـردوو، گۆڤـاری توێژەر،بەرگـی٢، ژمـارە٣ ،هاوینـی٢٠١٩

Booij, Geert & Rubach , Jerzy (1984), Morphological and prosodic domain in lexical phonology . In: Colin , J. Ewen and John M. Anderson (1984), Phonology Yearbook 1, Vol. 1, pp127- , CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS , London.
Booij, Geert (1992),ON THE RELATION BETWEEN LEXICAL AND PROSODIC PHONOLOGY, In: Pier MarcoBertinetto, Michele Loporcaro,1987, Certamen Phonologicum: Papers frome the 1987 Cortona Phonology Meeting,Rosenberg& Sellier,Torino,1988.
Clark John , Yallop Collin, (1995), An introduction to phonetics and phonology, second edition, Blackwell Published Ltd.

Crystal, David (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics , Sixth Edition , Blackwell Publishing Ltd

Giegeich H J (1999), Lexical strata in English: Morphological causes, Phonological effects. Cambridge : Cambridge University Press.

Gussenhoven Carlos and Jacobs Haike (2011), Understanding Phonology, Third edition, HUDDER EDUCATUON, Great Britain 2011.

Hagiwara, Robert (1992), Locating Rules by Traditional Lexical and Post- Lexical Properties: Towards a Lexical Phonology of reGarifuna,http://home.cc.umanitoba.ca/~robh/files/locating.pdf

Rubach, Jerzy (2008), An Ovwerview of Lexical phonology, In: Language and Linguistics compass/ Voloum2,Issue3/P456477-

Halle, Morris and & Mohanan, K. P(1985), Segmental Phonology of Modern English, In:Linguistic Inquiry, Vol16, No1(Winter, 1985),pp.57116-.

KATAMBA, F. (1996), AN INTRODUCTION TO PHONOLOGY, first published 1989, Eight impression 1996, Longman Group UK Limited1989.

Kelli Wiseth (2013), The Legacy of Lexical Phonology , http://www.alameda-tech-lab.com/ling/spr2013/ling_201_term_paper.pdf .

Kiparsky, P. (1982) a. , From Cyclic Phonology to lexical Phonology ,In: Harry Van der Hulst, and Norval Smith(1982) ,131- 177. by the authors.

Kiparsky, P. (1982) b. , Lexical Phonology and morphology, https://www.researchgate.net/publication/243769827_Lexical_phonology_and_morphology

Kiparsky, P. (2004), Blocking and periphrasis in inflectional paradigms. In: Geert Boooij and Jaap van der Marle (eds.), Year book Morphology 2004, 113135- . Springer 2005. Printed in the Netherlands.

McMahon, April (2000), LEXICAL PHONOLOGY AND THE HISTORY OF ENGLISH, Cambridge University Press 2003.

Mohanan, K. P. (1986) , THE THEORY OF LEXICAL PHONOLOGY, by D .Reidel Publishing Company printed in Great Britain.

Nidham Sheet(2019), THE TRAINGLE OF MORPHOLOGY, PHONOLOGY AND LEXICON, International Journal of Development in Social Science and Humanities, Vol.No.8,Jul-Dec. 2019. https://www.researchgate.net/publication/346059382_The_Triangle_of_Morphology_Phonology_and_Lexicon_ProfNidham_SheetPhD

Parmod Pandy(1997), Optionality,lexicality and sound change, In: J.Linguistics 33 (1997), 91-131.1997 , Cambridge University Press.

Roca Iggy (1994), Generative Phonology, First published 1994 by Routlge. London.

Rubach , Jerzy (1984), Cyclic and Lexical Phonology the structure of polish, FORIS PUBLICATION – Dordrecht, USA.

Rubach, Jerzy (1985), Lexical Phonology : Lexical and postlexical Derivations, In: Phonology Year book, Vol. 2 (1985), pp. 157172-, Cambridge University Press.

Wafaa Sahib Mehdi (2019), Lexical phonology: Revisited , , uploaded by Wafaa Sahib Mehdi on 18 November2019. https://www.researchgate.net/publication/330486254_Lexical_Phonology_Revisited